سمكۆ ئەسعەد ئەدهەم

# پرۆژە
# یاساکانی
# بەرەنگاربوونەوەی
# گەندەڵی


مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆڵانی ـ ٤٤ ، ژ. خانوو ـ ١



www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com



- **ناوی کتێب: پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی**
- **ناوی نووسەر: سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم**
- **دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر**
- **چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**
- **تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
- **ژمارەی سپاردن: ( ٢٥٢٤) ی ساڵی ٢٠٠٨**
- **ژ. زنجیرە : (٢٧٩ )**
- **لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك )**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٧ |
| ***پڕۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی** | ٩ |
| **بەشی یەکەم/** پێناسەو حوکمە گشتییەکان | ١٣ |
| **بەشی دووەم/** دادگاو تاوانەکانی گەندەڵی | ١٧ |
| **بەشی سێیەم/** ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | ٢٨ |
| ***پڕۆژەی یاسای مافی هاووڵاتی لەدەستکەوتنی زانیاری** **(مشروع قانون حق المواطن في الحصول على المعلومات)** | ٥٥ |
| **بەشی یەکەم/** فەرمانە گشتییەکان | ٥٩ |
| **بەشی دووەم/** بنەماکانی مافی دەستکەوتنو لێڕوانین لەزانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی | ٦٣ |
| **بەشی سێیەم/** پێشکەشکردنی داواکاری دەستکەوتنی زانیاری | ٦٦ |
| **بەشی چوارەم/** زانیارییە پارێزراوەکان | ٧٠ |
| **بەشی پێنجەم/** ڕێپێدراوی گشتی زانیارییەکان | ٧٦ |
| **بەشی شەشەم/** فەرمانە کۆتاییەکان | ٨٤ |
| ***پڕۆژەی یاسای خستنەڕووی ئەستۆی دارایی** **(مشروع قانون اشهار الذمة المالية)** | ٨٧ |
| ***پڕۆژەی یاسای نەهێشتنی دەستکەوتی ناڕەوا** **(مشروع قانون مكافحة الكسب غير مشروع)** | ١٠٥ |
| ***پڕۆژە یاسای نەهێشتنی تاوانە داراییەکان** **(مشروع قانون مكافحة جرائم الأموال)** | ١٢١ |


مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

- پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
- پرۆژەی یاسای مافی هاووڵاتی لەدەستکەوتنی زانیاری
- پرۆژەی یاسای خستنەڕووی ئەستۆی دارایی
- پرۆژەی یاسای نەهێشتنی دەستکەوتی ناڕەوا
- پرۆژەی یاسای نەهێشتنی تاوانە داراییەکان

# پێشەكی

بەبۆچـونی زۆربـەی پـسپۆڕانی بـواری بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵی، هـەر كردەوەیـەك بـە پێـچەوانەی رەوشـتو بـەها مرۆییـەكانو عەقڵـەوە بێـت، (گەنـدەڵی)یـە، لەهـەر شـێوەیەكی كۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو كارگێڕیدا بێت.

ئەم پرۆژانە، ئەو یاسایانە دەخاتە ڕوو كە لـەبواری كارگێڕیو داراییـدا بـەرەنگاری گەنـدەڵی دەبنـەوە، ئامادەكردنی ئـەم پـرۆژە یاسایانە. سوودی لەو یاسایانەی وەرگرتووە كە هاوشێوەیەن، وەكو یاسـاكانی وڵاتانـانی (میـسرو ئـەردەنو سـوریاو لوبنـانو سـودانو بەحرەینو یەمەن). لەزۆربەی بەشو ماددەكانی ئـەم پرۆژانـەدا، دەقاو دەق، یان لەڕوی واتاو مەبەستەوە، لە یاسای ئـەو وڵاتانـەوە وەرگێڕدراوەو ئامادەكراوە، بەشێوەیەك كە بكرێت بەسـەرەتایەك بۆ دارشتنی چەند یاسایەك لەپەرلەمانی هەرێمی كوردستاندا بـۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

ئەم پرۆژە یاسایانە، هێشتا زۆر لەدەستكاریی كـردنو خـستنە سـەر هەڵـدەگرن لەلایـەن پـسپۆڕانو دارێـژەرانی یاسـاوە، تـا لەباشـترین فۆرمـدا، لـەپێناو ڕێگـرتن لەتەشـەنەكردنی



وێرانكارترین دیاردە لەهەرێمی كوردستاندا جێگیر بكرێت ، كە گەندەڵییە

ئەم پرۆژانە دەخرێنە بەردەستی پەرلـەمانو دوا بڕیاریش بـۆ ئەو دامـەزراوە پـسپۆڕەیە لـەبواری یاسادانانـدا. بـەوەرگرتنی ئـەم پرۆژانـە، یەكـەم هـەنگاوی یاسـایی ڕووەو بەرەنگاربونـەوەی گەندەڵی دادەنرێت لەهەرێمی كوردستاندا.

**سمكۆ ئەسعەد ئەدهەم**

**سلێمانی**

**شوباتی ٢٠٠٨**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

**ئەم پرۆژەیە لەسێ بەش و پەنجا مادده پێکهاتووە، بەم شێوەیە :**

★ بەشی یەکەم، پێناسەو حوکمە گشتییەکان لەخۆ دەگرێت بە ماددەکانی (١ تا ٥).

★ بەشی دووەم، مادده (٦ تا ١٩) ئاماژە بە دادگایەکی پسپۆڕ بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیو ئەو سزایانەی بەرامبەریان دێت، دیاری دەکات.

★ بەشی سێیەم، مادده (٢٠ تا ٥٠) تایبەتە بە (ئاژانسی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) کە دامەزراوەیەکی سەرەکییە



لەبەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردە وێرانکەرەداو پێکهاتەکانی دەخاتەڕوو کە بریتین لە (سکرتاریەتی گشتی، دەستەی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیو دەستەکانی داوای جەزائیو داراییەکان).

پرۆژەی (یاسای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی)، پاش پەسەندکردنی، بەسەرەکیترین یاسا دادەنرێت لەبوارەکەی خۆیدا. هێشتا ئەم پرۆژەیە بەر لەدەرچواندنی وەك یاسایەك چەندین خستنە سەرو وردەکاری تری پێویستە بۆ داڕشتنەوەی لەدوا فۆرمدا، بەڵام دەکرێت ئەم پرۆژەیە بناغەیەکی سەرەکی کار لەسەرکردن بێت بۆ ناساندنی تاوانەکانی گەندەڵیو دامەزراندنی دادگایەکی پسپۆڕو دامەزراوەیەکی سەربەخۆ، بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەشی یەکەم

# (پێناسەو حوکمە گشتییەکان)

**مادده (1)**

ئـــەم یاســـایە بەیاســـای بەرەنگاربوونـــەوەی گەنـــدەڵی ناودەبرێت.

**مادده (2)**

ئـەم وشـەو دەسـتەواژانەی خـوارەوە بـەو واتایانـە دێـن کـە لەبەرامبەریاندا دیاریکراوە:

- **ئاژانس** (**وکالە**): ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.
- **دەســـتە**: دەسـتەی بـەڕێوەبردنی ئـاژانس کـە دەسـتەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە.
- **ســـەرۆك**: سـەرۆکی ئـاژانس کـە سـەرۆکی بـەڕێوەبردنی دەستەکەشە لەهەمان کاتدا.
- **دادگا**: دادگای تاوانەکانی گەندەڵییە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

- **داوا داراییەکان**: ئەو داوا یاسایی‌و مەدەنییانە دەگرێتەوە کە خەزینەی هەرێم داواکار یان داوا لەسەر کراوە تیایدا.
- **داوا جەزائییەکان**: ئـەو داوایانـە دەگرێتـەوە کە دەستەی داوا جەزائییەکان داواکارە یان داوا لەسەر کراوە تیایدا.
- **پارێزەری گشتی**: پارێزەری مەدەنی (دارایی)و پـارێزەری (جـەزائی) دەگرێتـەوە لەهـەردوو دەسـتەی دارایـی‌و جـەزائی ئاژانسدا.
- **ئەندام**: ئەندامی ئاژانس‌و هەر دەستەیەکی تری ئاژانس لەهەر ئاستێکدابێت.
- **سکرتێر**: سکرتێری دەسـتەی داوا داراییـەکان‌و سـکرتێری دەستەی داوا جەزائییەکان.
- **داوا لەســـەرکراو** هەرکەسـێك بەیـەکێك لەتاوانـەکانی گەندەڵی تۆمەتبار کرابێت یان گومان لەبارەیەوە هەبێت.
- **بنەما یاســاییە کارپێکراوەکــان**: یاسـاو ڕێسـاو ڕێنمـایی‌و بڕیارە کارگێڕییە کاراکان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## مادده (٣)

لەگەڵ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا، حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقی بەسەر تاوانەکانی گەندەڵییدا جێبەجێدەکرێت .

## مادده (٤)

أ ـ حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر هەر کەسێکی مەعنەوی یان سروشتی دا جێبەجێدەکرێت کە تاوانێکی گەندەڵی ئەنجامدابێت.

ب ـ ئەگەر تاوانبار کەسێکی مەعنەوی بوو، ئەوا ئەو کەسە یان ئەو کەسە سروشتییانەی کە لەژێر ناوی ئەو کەسە مەعنەویە یان بەهۆی ئەوەوە تاوانەکەیان ئەنجام داوە بەهەر کردەوەیەك بێت بەتاوانباری سەرەکی دادەنرێن لەگەڵ بەرپرسیاربوونی کەسە مەعنەوییەکە کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## مادده (٥)

١ـ هەر (غەرامەیەك) بەپێی ئەم یاسایە بسەپێت دەگێڕدرێتەوە بۆ خەزێنەی گشتیو دەبێت بڕی غەرامەکە بەبڕیاری دادگا دیاریبکرێت لەنێوان (   ) بۆ (   ) دینار.

٢ـ دادگا سەرپشکە لە دانانی سوودی یاسایی لەسەر ئەو بڕە غەرامەیە کە بەبڕیاری دادگا دیاریکراوە لە ڕۆژی بڕیارەوە تا ڕۆژی دانانی پارەکە.

٣ـ دادگا سەرپشکە لە بەش بەش کردنی بڕی ئەو غەرامەیە بەشێوەی (قیست)، بەمەرجێك ماوەی دانانی کۆی بڕە پارەکە لە دوو ساڵ تێنەپەڕێت.

٤ـ ئەگەر لایەنی زیان لێکەوتوو توانی بۆ دادگای بسەلمێنێت کە زیانەکەی لەو بڕە پارەیە زۆرترە کە لەبڕگەی (١)دا دیاریکراوە، دادگا بۆی هەیە بڕە پارەکە زۆرتر بکات تا دەگاتە ئاستە سەلمێنراوەکە.

مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری

## به‌شی دووه‌م

# (دادگا) و (تاوانه‌كانی گه‌نده‌ڵی)

**مادده (٦)**

دادگایه‌ك به‌ناوی (دادگای تاوانه‌كانی گه‌نده‌ڵی) داده‌مه‌زرێت. پله‌و ده‌سه‌ڵاته‌كانی به‌یاسا دیاریده‌كرێت.

## تاوانه‌كانی گه‌نده‌ڵی

## (مادده ٧ تا ١٦)

**مادده (٧)**

ئه‌م تاوانانه‌ی خواره‌وه كه له یاسای سزادانی عێراقیدا هاتون، تاوانی گه‌نده‌ڵین:



مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری

١ـ تاوانه‌كانی (به‌رتیل و ئیختیلاس و به‌زاندنی سنوری ده‌سه‌ڵات له‌لایه‌ن فه‌رمانبه‌رانه‌وه) كه به‌مادده‌كانی (٣٠٧) تا (٣٤١) له‌یاسای سزادانی عێراقیدا هاتون و به‌تاوانی له‌نگ كردنی ئه‌ركه‌كانی فه‌رمانبه‌ریه‌تی **(الجرائم المخلة بواجبات الوظيفة)** ناوبراوه.

٢ـ تاوانه‌كانی (ده‌ستوه‌ردان له‌ڕێڕه‌وی دادپه‌روه‌ری و كاری دادگاو هه‌واڵدانی درۆ یان هه‌واڵ نه‌دان، چه‌واشه‌كردنی دادگا، گه‌واهی درۆ، سوێندی درۆ، انتحالی پۆست و پله، ڕاپۆرت و وه‌رگێڕانی درۆ كه به‌مادده‌كانی (٢٣٣) تا (٢٦٢) له‌یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون به‌تاوانه‌كانی له‌نگكردنی ڕێڕۆیشتنی دادپه‌روه‌ری **(الجرائم المخلة بسير العدالة)** ناوبراوه.

٣ـ تاوانه‌كانی (ته‌زویر، له‌سه‌ر دروستكردنه‌وه‌ی به‌ڵگه‌كان به‌هه‌موو جۆره‌كانیه‌وه) و ئه‌و تاوانانه‌ی زیان به (ئابوری نیشتمانی و بڕوای خه‌ڵك به‌دارایی ده‌وڵه‌ت) ده‌گه‌یه‌نێت كه به‌مادده‌كانی (٢٧٤) تا (٣٠٦) له‌یاسای سزادانی عێراقیدا

هاتوون‌و بەتاوانـەکانی لـەنگکردنی متمانـەی گـشتی **(الجرائم المخلة بالثقة العامة)** ناوبراوە.

٤ـ تاوانەکانی خەڵەتاندن‌و بەخراپ بەکارهێنانی ئـەمانـەت، کـە بـەماددەکانی (٤٥٣) تـا (٤٥٩) لەیاسـای سـزادانی عێراقیـدا هاتووە.

٥ـ غەشـکردن لەمامەڵەکردنـدا، کـە لـەماددەکانی (٤٦٦) و (٤٦٧) ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە، هەروەها غەشکردن لەڕاستو دروستی مامەڵەکانی زیادکردن‌و داشکاندنە حکومی‌و ناحکومییـەکان کـە لـەماددەی (٤٨٨ ـ سـێیەم) و مـاددە (٣٣٦ ـ ف١ و٢)و مـاددە (٤٧٤ ف دووەم) کـە تایبەتـە بـەئیفلاس لەیاسای سزادانی عێراقیدا.

**ماددە (٨)**

درێژکردنـەوەی مـاوەی نـاکۆکی لـەدادبینی دادگاکانـداو بەربەست دروستکردن لـەڕێڕەوی دادپەروەریـدا بەمەبەسـتی درێژکردنـەوەی مـاوەی کێـشەی نێـوان دوولایـەن یـان زیـاتر



لەبەردەم دادگاکاندا بۆ ڕێگرتن لەو تاوانانە دادگا ئاساییەکان، دەسەڵاتیان هەیە:

١ـ لایەنـەکانی کێـشەکە یـان بریکارەکانیـان بـەحوکمی ئـەم بڕگەیـە ئاگـادار بکەنـەوەو لەکۆنوسـی یەکـەم دادبینیـدا بنوسـرێت (ئـەم کردەوەیـە دروسـتە ، ئەگـەر یـەك لایـەنی کێشەکەش ئامادەی دادبینییەکە بـوو یـان بریکارەکـەی بـەبێ ئامادەبوونی لایەنی دووەم یان لایەنەکانی تری کێشەکە)

٢ـ ئەگـەر دادگا بـۆی دەرکـەوت کەلایـەنێکی کێـشەکە یـان بریکارەکەی هەڵسا بەگرتنەبەری ڕێگایەك یان زیـاتر، بەهـەر شـێوەیەکی ئیجابی یـان سلبی (بـەدەربێت لەسـنووری مـافی بـەرگری)و ببێتـە هـۆی درێژکردنـەوەی مـاوەی ناکۆکییەکـە، یان بەربەست دروستبکات لەڕێڕەوی دادپەروەریدا، دادگا بۆی هەیـە لەگـەڵ بڕیـار دان بەیـەکلایی کردنـەوەی کێـشە سەرەکییەکە بڕیاری سـەپاندنی (غەرامـە) یـەك بەسـەر ئـەو لایەنەدا بدات کەبووە بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی کێشەکە، یان بەربەستی دروستکردووە،

أ- بڕی غەرامەکە لەنێوان (  ) بۆ (  ) دیناردەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا دادگا بۆی هەیە بەڕێژەی (٢٥٪) ئەو غەرامەیە بڕێك پارە بۆ لایەنی دووەم ببڕێتەوە (لەسەر داوای خۆی).

ب - ئەگەر ئەو بابەتەی بڕیار لەبارەیەوە دەدرێت جێگای نرخاندن نەبوو لەڕووی داراییەوە، دادگا بۆی هەیە ئەو ڕێژەی (٢٥٪) لەسەر بڕی زۆری ئەو بڕە پارەیە بژمێرێت کە لەبڕگەی (أ) وەك (غەرامە) دیاریکراوەو بڕیاری بۆ لایەنی دووەم لێبدات.

ج - بڕیارەکانی (غەرامە) کردن جێگای تانە لێدانە بەپێی بنەما یاساییە کارپێکراوەکان ( **القواعد القانونیە النافذە** ) لەبەردەم دادگای (تەمیز)دا دەکرێت تانە لێدانەکان بەجیابێت یان لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کە بەهۆیەوە (غەرامەکە) سەپێنراوە

د - دەبێت دادگا هۆکاری بڕیارەکەی بە (غەرامە) کردن، بەوردی ڕونبکاتەوە لەدوا نوسینی بڕیارەکەیدا لە هەمان کۆنوسی بڕیاردانی لەو کێشەیەی کە دادبینی تیایدا کراوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (٩)**

نکوڵی کردن لەقەرز لەبەردەم دادگا یان بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن:

جگە لەو بڕە پارانە کە بەپێی یاسای جێبەجێکردن دیاریکراوە، ئەگەر قەرزار نکوڵی لەقەرزەکە کرد لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن بەرامبەر هەر بەڵگەیەکی سەلمێنراو یان ئەو نکوڵییە لەلایەن داوا لەسەر کراوەوە بوو لەبەردەم دادگاداو خاوەن قەرز توانی قەرزەکەی بسەلمێنێت، دادگا بۆی هەیە بڕێك پارە کە (هاوبڕی قەرزەکەبێت) بەبڕیار بدات بە خاوەن قەرز.

**مادده (١٠)**

دەست درێژی کردنە سەر زەوی‌و زارو موڵکی دەوڵەت .

**مادده (١١)**

خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرامبەر بەهاووڵاتیان لەڕووی بڕیاردانو بەکارهێنانی ئەوپەڕی دەسەڵاتەکانیان (تعسف) لەئاستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکان تا بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکانو بەڕێوەبەرە گشتییەکانو سەرۆكو بەڕێوەبەری فەرمانگەکان..

**مادده (١٢)**

ئەو تاوانانەی بەتاوانی ئابووری دادەنرێن.

**مادده (١٣)**

ئەو تاوانانەی کە لەیاسای ڕۆژنامەنوسیدا دێن.



**مادده (١٤)**

دواکەوتنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان هەر دەسەڵاتێك کە ئەرکی خزمەتگوزاری گشتی لەئەستۆدابێت بەبێ هۆیەکی یاسایی‌و پەسەندکراو لەبەجێهێنانی ئەركو کارەکانیان لەو ماوانەدا کەپێشتر بڕیاری لەسەر دراوە لەبەرنامەی کابینە حکومییەکەدا یان لەپلانی گشتیی وەزارەتو دەزگاکاندا.

**مادده (١٥)**

بەفیڕۆدانو پەرتوبڵاوکردنی سامانە نیشتمانییەکانو داهاتەکانیان بەهەر شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن هەر دامەزراوەو یەکەیەکی (کارگێڕی یان بازرگانی یان ئابووری) کە کۆ یان بەشێکی ئەو سامانو داهاتانەیان لەبەر دەستدایە بەپێی یاسا یان بەپێی پسپۆڕییان.



مه کته‌بی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**ماددە (١٦)**

هەر ڕێگرییەك لەجێبەجێكردن و پەیڕەوكردنی ئەم یاسایانە ، دوای دەرچوون و بەكاربوونیان:

١ـ یاسای مافی هاوڵاتی لەدەستكەوتنی زانیاری. ( **قانون حق المواطن في الحصول على المعلومات)**

٢ـ یاسای خستنەڕووی ئەستۆی دارایی. ( **قانون اشهار الذمة المالية)**

٣ـ یاسای لەناوبردنی دەستكەوتی نارەوا. ( **قانون مكافحة الكسب غير المشروع)**

٤ـ یاسای دەستەی چاودێری گشتی. **(قانون هيئة الرقابة العامة)**

٥ـیاسای نەهێشتنی تاوانە داراییەكان ( **غسيل و تهريب الاموال)**



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# سزاكان

**ماددە (١٧)**

١ـ ئەو سزایانە دەسەپێنرێت كە لە یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون بەرامبەر بەو تاوانانەی كە لە هەمان یاسادا دیاریكراوە و لەم یاسایەدا بەتاوانی گەندەڵی دانراوە.

٢ـ سزای بەندكردن یان زیندانی كردن بۆماوەی (٣) تا (١٠) ساڵ دەسەپێت بەسەر هەر تاوانبارێك بەیەكێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە و لەیاسای سزادانی عێراقیدا نییە.

**ماددە (١٨)**

ئەو بڕە پارانە كە لەم یاسایەدا بەسزا دیاریكراوە بەسەر تاوانبارانی گەندەڵی جێگای هەر غەرامەیەكی تر دەگرێتەوە

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

كه به‌پێی یاسا كارپێكراوه‌كانی تر به‌سه‌ر تاوانباراندا ده‌سه‌پێت.

**ماده (١٩)**

ئه‌م كه‌سانه له سزا ده‌به‌خشرێن :

١ - هه‌ركه‌سێك زانیاری‌و هه‌واڵی ڕاست به‌ده‌سته‌كانی لێكۆڵینه‌وه بدات به‌مه‌به‌ستی ئاشكراكردنی كه‌سی تاوانبار له‌سزا .

٢ - ئه‌گه‌ر كه‌سی تاوانبار دانی به‌ تاوانه‌كه‌دا نا پێش ده‌ست به‌كاربوون له‌لێكۆڵینه‌وه له‌گه‌ڵ كه‌سی تاوانبار یان پێش گوێگرتن له‌كه‌سی (شاهد).



مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

## به‌شی سێیه‌م

## (ئاژانسی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی)

**ماده (٢٠)**

١ـ له‌هه‌رێمی كوردستاندا، ئاژانسێك به‌ناوی (ئاژانسی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی) داده‌مه‌زرێت، خاوه‌نی كه‌سێتی مه‌عنه‌وی ده‌بێت، بۆی هه‌یه هه‌موو كرده‌وه‌یه‌كی یاسایی بنوێنێ له‌پێناو به‌دیهێنانی ئامانجه‌كان‌و جێبه‌جێكردنی ئه‌ركه‌كانی، هه‌موو مافه‌كانی پارێزراوه‌و ده‌توانێت به‌خۆی یان له‌ڕێگای بریكاری یاسایی‌و كارگێڕییه‌وه هه‌موو ئه‌ركه‌كانی هه‌ڵسوڕێنێت.

٢ـ ئاژانسی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی سه‌ربه‌خۆیه‌و نابێت هیچ شێوازێكی كارلێكردن‌و گوشار خستنه سه‌ری له

گەڵ بەکاربهێنرێت لەلایەن هەر کەسو لایەنو دەسەڵاتو دامەزراوەیەکەوە.

٣. ناوەندی سەرەکی ئاژانسەکە لەشاری (  ) دەبێتو بۆی هەیە لقو ئۆفیس لەشارەکانی تری کوردستان بکاتەوە.

## مادده (٢١)

ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئەم دەسەڵاتو ئەرکانەی هەیە:

١ـ بەدواداچوونی گەندەڵییە کارگێڕیو داراییەکانو ئاشکراکردنی سەرپێچیو زیادەڕۆییەکانو کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە تایبەتن لەو بارەیەوە بەمەبەستی دەست بەکاربوون لەلێکۆڵینەوەو گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییو کارگێڕییەکان.

٢ـ وەرگرتنی سکاڵاو هەواڵدانی تایبەت بەهەر تاوانێکی گەندەڵیو گرتنەبەری ڕێوشوێنە گونجاوەکان بەرامبەر بەکەسی تۆمەتبار بەپێی یاسا.



٣ـ پتەوکردنی پەیوەندیو گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ دەستەو ڕێکخراو کۆمەڵە تایبەتەکان بەکاری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەناوخۆو دەرەوەی هەرێمدا .

٤ـ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی زانستیو دەرکردنی بڵاوکراوەو بەچاپگەیاندنی هەر بابەتێکی تایبەت بەبواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٥. دامەزراندنی ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

٦ـ ڕاهێنانو پەرەپێدانی توانای مافپەروەرانو دادوەرانو لێکۆڵەرەکان لەبواری بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی کارگێڕیو دارایدا.

## مادده (٢٢)

١ـ ئاژانس بۆی هەیە بەبڕیاری خۆی، بەدواداچوون لەبارەی هەر تاوانێکی گەندەڵییەوە بکات بەپێی ئەو هەواڵدانو زانیارییانەی بەفەرمی پێی دەگات.

٢ــ ئەگەر کەسێك یان لایەنێکی هەواڵدەر زانیاری نادروستی پێشکەش بەئاژانس کردبوو، ئەوا دەدرێت بەدادگا بەتاوانی (بۆهەڵبەستن ـ **قذف**) و جگە لەسزا ، غەرامەشی بەسەردا دەسەپێت ، هەروەها بەبڕیاری دادگا بڕێك پارە کە هاوبڕی غەرامەکە بێت بۆ کەسی زیان لێکەوتوو دەبڕدرێتەوە لەسەر داوای خۆی.

**مادده (٢٣)**

دەبێت نهێنی کاری ئاژانس بپارێزرێت لەکاتی داواکردنی هەر وەڵامو زانیاریو ڕونکردنەوەو بەڵگەیەك لەهەر لایەنو دەزگاو دامەزراوەیەك، هەروەها دەبێت لایەنی داوالێکراو بەبێ دواکەوتن بەدەنگ داواکاریی ئاژانسەکەوە بچێت، ئەگەر نا ئەوا ئەو بەدەنگەوە نەچوونە دەخرێتە خانەی تاوانی (خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات) کەیەکێکە لەتاوانەکانی گەندەڵی.



**مادده (٢٤)**

هەر زانیارییەك بەنهێنی دادەنرێت کە لەسنووری کاری ئاژانسدا بێت، دەبێت بپارێزرێت لەلایەن بەرپرسو کارمەندانی ئاژانسو پارێزەری تۆمەتبارو هەرکەسو لایەنێك کەجێگای گومان بن. درکاندنی هەر زانیارییەکیش دەچێتە خانەی تاوانی (درکاندنی نهێنی کار)و جگە لەسزاکەی غەرامەشی بەسەردا دەسەپێت.

**مادده (٢٥)**

**( پێکهێنەرەکانی ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی )**

ئاژانس لەم ئاستانە پێکدێت

١ـ سکرتاریەتی گشتی

٢ـ دەستەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

٣ـ دەستەی داوا داراییەکان

٤ـ دەستەی داوا جەزائییەکان

## (سكرتارییەتی گشتی)

### مادده (٢٦)

سـكرتارییەتی گـشتی لـە (٣) كـەس پێكـدێت ، یەكـەمیان سـەرۆكی ئاژانـسەو لەهـەمان كاتـدا بەرپرسـی دەسـتەی بەرەنگاربونەوەیـە. دووەمیـان سـەرۆكی بەشـی داوا داراییەكانـەو سـێیەم سـەرۆكی بەشـی داوا جەزائییەكانـەو بـەپێی ڕێـسایەكی (**نظـام**) تایبـەت دەسـەڵاتو ئەركـەكانی سكرتێرو ئەنـدمانی بەردەستیانو مـەرجو ئاسـتو ڕێـچكەی كارگێڕییان دیاریدەكرێت.

لەو ڕێسا تایبەتەدا دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێت.

١. تەمەنی سەرۆكو سكرتێرو ئەنـدامان لـە ٤٠ ساڵ كـەمتر نەبێت.



٢. سكرتێرو ئەنداماان ئاستی یەكەمی خوێندنی زانكۆییـان تـەواوكردبێت (بـەكالۆریۆس) لـەبواری یاسا یـان كـارگێڕیو ئابووری.

٣. دەبێت ناسراوبن بـەلێهاتوییو شـارەزاییو دەسـت پاكیو ڕەوشت بەرزیو ناوبانگیان باش بێت.

## (دەستەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی)

### مادده (٢٧)

دەستەی بەرەنگاربوونەوەی

١. سـەرۆكی ئـاژانس، سـەرۆكی ئـەم دەسـتەیەیە، جێگرێكـی دەبێـت. خـۆییو جێگرەكـەی لەلایـەن پەرلەمانـەوە دەپاڵێورێنو بـڕیار لەدەست بەكاربوونیان دەدرێت.

٢ــ دەسـتەكە لــە (٩) ئەنـدام پێكـدێت بەسـەرۆكو جێگرەكەیەوە.

٣ـ ماوەی سەرۆکایەتیو بەئەندام بوون لەدەستەکەدا چوار ساڵەو دەکرێت نوێ بکرێتەوە بۆ دوو ساڵی دواتری بەبڕیاری پەرلـەمان، دەکرێـت ئـەو درێژکردنەوەیـە بـۆ سـەرۆكو جێگرەکەی بەجیا بێت یان بەیەکەوە لەگەڵ ئەنـدامانی تـری دەستەکە.

٤ـ دەستەی نوێ ، بەسەرۆكو جێگرو ئەندامانییەوە بۆیان نییە بەکارو کردەوەی دەستەی پێشخۆیاندا بچنەوە.

٥ـ أ ـ ئەندامانی دەستە لەلایەن سـەرۆكو جێگـری دەسـتەوە دەپاڵێورێن بۆ بـەردەم پەرلـەمان. پەرلـەمانیش ڕەزامەنـدیو بڕیـــار لـــەبارەی دەســـتبەکاربونیانەوە دەدات بەهـــەموو پاڵێوراوان یان بەژمارەیەکیان.

ب ـ ئەگەر یـەکێك لـەپاڵێوراوان یـان ژمارەیـەکیان لەلایـەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکران ئەوا تـەنها بـۆ پەرلـەمان هەیـە کەسـی تـر بـۆ ئەندامیـەتی دەسـتەکە بپاڵێوێـتو ئـەو مافـە لەدەسـت سـەرۆكو جێگرەکەیـدا نامێنێـت. بەهـەمان شـێوە ئەگـەر هـاتو سـەرجەم پـاڵێوراوان بۆئەندامیـەتی دەسـتەکە جێگای ڕەزامەندی پەرلەمان نەبوو.



٦ـ موچـەی سـەرۆكو جێگرەکـەیو ئەنـدامانی دەسـتەکە، موچەی کارمەندانی پلەیەك دەبێت.

## مادده (٢٨)

لەگەڵ مەرجەکانی تایبـەت بەسـکرتێردا، دەبێـت ئەنـدامی دەستە ئەم مەرجانەی تیادابێت:

١ـ شارەزایی کارکردنیان لەبواری کەرتی تایبەت یان گشتیدا لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢ـ ئەهلیەتی مەدەنییان تەواوبێت.

٣ـ حـوکم نـەدرابێت لەسـەر داوایـەکی (ئـیفلاس) یـان داواکارییـەکی (ڕێکـەوتن بـۆ پاراسـتن لـەئیفلاس) پێـشکەش بەدادگا نەکردبێت.

٤ـ حوکم نەدرابێت بە تـاوان یـان کـەتنێکی ئابڕووبـەر یـان هەر داوایەکی (شەرەفو ڕەوشت)ی لە دژ تۆمار نەکرا بێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### مادده (٢٩)

بــەمردن ئەنــدامێتی لەدەســت دەدرێــت، هــەروەها لــەم حاڵەتانەدا:

١ـ بەدەست لەکارکێشانەوە، ئەندام بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێت دوای پێشکەشکردنی نوسراوێك بەسەرۆك یان جێگری دەستەکە یان بەپەرلەمان.دەتوانێت لەهەمان ماوەدا لەو دەست لەکارکێشانەوەیە پەشیمان ببێتەوە ئەگەر کەسێکی تر بۆ پۆستەکەی دیارینەکرا بوو، بەڵام پاش وەرگرتنەوەی ڕەزامەندی پەرلەمان.

٢ـ ئەگەر یەکێك لەمەرجەکانی (٢، ٣، ٤) ی مادده (٢٨)ی لەدەستدا.

٣ـ ئەگەر لابرا بەهەمان شێوەی دانانی لەو حاڵەتانەدا کە لەمادده (٣٠) دا دیاریکراوە.



### مادده (٣٠)

ئەندامی دەستە لەم حاڵەتانەدا لادەبرێت:

١ـ ئەگەر تاوانبارکرا بەیەکێك لەتاوانەکانی گەندەڵی، یان دانی پیادانا بەدەستنووسی خۆی.

٢ـ ئەگەر ئامادە نەبوو لە(٣) کۆبونەوەی لەدوای یەکی دەستە یان (٦) کۆبونەوەی جیاجیا پاش بانگهێشتکردنی بەفەرمی بۆ ئەو کۆبونەوانە.

٣ـ ئەگەر بەجێنەهێنانی ئەرکەکانی بەسەردا سەلما، یان سەرپێچی لەحوکمەکانی ئەم یاسایە کرد.

### مادده (٣١)

دەستە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی هەیە:

١ـ بەڕێوەبردنی کارە کارگێڕییەکانی (ئاژانس) و بڕیاردان لەهەر بابەتێکی پەیوەست بەو بەڕێوەبردنە.

٢ـ وەرگرتن و لێكۆڵینەوە لەڕاسپاردەكانی (پەرلەمان) و (حكومەت) لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیداو دانانی ڕێوشوێنە گونجاوەكان بۆ پەیڕەوكردنی ئەو ڕاسپاردانە.

٣ـ دانانی پلانی گشتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەدواداچوونی جێبەجێكردنی لەلایەن ئۆرگانەكانی ئاژانس و لایەنە بەرپرسەكانی دەرەوەی ئاژانس لە پەرلەمان و حكومەت و دامەزراوەكانی هەرێم.

٤. بڕیاردان لە خەرجكردنی بوودجەی ئاژانس.

٥. دیاریكردنی بودجەی ساڵانەی ئاژانس و پێشكەشكردنی بە پەرلەمان بۆ پەسەندكردنی.

٦. بڕیاردان لەگرێبەستی پسپۆڕان و شارەزایان كە كار بۆ ئاژانس دەكەن.

٧ـ هاوكاری و هەماهەنگی كردنی لایەنە ناوخۆیی و دەرەكییەكان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێشنیاركردنی بەرنامە و پرۆژەی تایبەت بەو مەبەستە.



٨ ـ پێشنیاركردنی پرۆژەی یاسایی لەبواری بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیداو پێشكەشكردنی بەپەرلەمان.

٩. ئامادەكردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاژانس و بڵاوكردنەوەی.

١٠ـ دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بۆ كاربەدەستانی ئاژانس و دەستەكانی.

١١ـ كردنەوەی لق و ئۆفیسی ئاژانس لە هەر شوێن و سنورێكی كارگێڕی لەهەرێمدا.

١٢ـ سازدانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتیان بەكاریگەرییە خراپەكانی گەندەڵی بەسەر گەشەسەندنی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی.

١٣. بۆ دەستە هەیە بەشێك لەدەسەڵاتەكانی (بەنوسراوی) بەئەندامێك یان زیاتر ببەخشێت بەمەرجێك سنوردار بێت بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، دەتوانرێت ئەو ماوەیە بۆیەك جار درێژبكرێتەوە.

**ماددە (٣٢)**

هەر گرێبەستو بەڵێننامەیەك پێویستە لەلایەن سەرۆکی دەستەو جێگرەکەیو دوو ئەندام واژوو بکرێت، تا دەخرێتە بەردەم کۆبونەوەی دەستە بۆ پەسەندکردنی.

**ماددە (٣٣)**

دەستەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەسەرۆکایەتی سەرۆکەکەی یان جێگرەکەی کۆدەبێتەوە (ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبوو) بەمەرجێك ئامادەبوان لە (٧) کەمتر نەبن بەسەرۆك یان جێگرەکەیەوە، یان بەهەر دووکیانەوە. بڕیاردانیش بەکۆی دەنگ دەبێت.

**ماددە (٣٤)**

١ - سەرۆکی ئاژانس کەسەرۆکی دەستەی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵییە ، ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:



١- نوێنەرایەتی کردنی ئاژانسو واژووکردن بەناویەوە لە هەموو بابەتو داوا یاساییەکانداو بەرامبەر دەستە دادوەرییەکان.

٢- سەرپەرشتی سەرجەم پێکهێنەرەکانی ئاژانس دەکات لەڕووی کارگێڕیو داراییەوە.

٣- بەدواداچوونی بڕیارەکانی دەستەی بەرەنگاربونەوە.

٤- چاودێریی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاژانس.

ب - سەرۆکی ئاژانس بۆی هەیە یەکێك لەدەسەڵاتەکانی بەئەندامێکی دەستە بسپێرێت.

# دەستەی داوا داراییو جەزائییەکان

## (دەستەی داوا داراییەکان)

**ماددە (٣٥)**

یەکەم: دەستەی داوا داراییەکان داکۆکی لەداراییو بودجەی گشتی هەرێم دەکات. لەم ئاستانە پێکدێت.

١ـ سكرتێری دەستە.

٢ـ پارێزەری گشتی كە بەپارێزەری مەدەنی دەناسرێت.

٣ـ پارێزەرانی یاریدەدەر كە لەژێر چاودێریو ڕێنمایی پارێزەری گشتیدا كاردەكەنو ئەركەكانیان بۆ دیاریدەكرێت.

دووەم: دەستەی داوا جەزائییەكان كە داكۆكی لەمافی كۆمەڵگا دەكەن، لەم ئاستانە پێكدێت.

١ـ سكرتێری دەستە.

٢ـ پارێزەری گشتی كە بەپارێزەری جەزائی دەناسرێت.

٣ـ جێگری پارێزەری گشتی كە بە (داواكاری گشتی) دادەنرێت.

**مادده (٣٦)**

هەردوو پارێزەری گشتی (داراییو جەزائی) پەیوەستن بەسەرۆكی ئاژانسەوە لەڕوی كارگێڕییەوە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (٣٧)**

مەرجەكانی پارێزەری گشتی (داراییو جەزائی) ئەمانەن:

١ـ تەمەنیان لە ٤٠ ساڵ كەمترنەبێت.

٢ـ بڕوانامەی زانكۆییان لەبواری (یاسا)دا بەدەست هێنابێت.

٣ـ كاركردنیان لەبواری یاساییدا لە (١٥) ساڵ كەمترنەبێت.

**مادده (٣٨)**

هەردوو پارێزەری گشتی دەبێ ئاگاداری سكرتێری دەستەكەیان بكەن لە دەستبەكاربونی یاریدەدەرانیان لە هەر كێشەو داوایەكی دەستەكەیان.

**مادده (٣٩)**

دامەزراندنی هەردوو پارێزەری گشتیو یاریدەدەرەكانیان بەم شێوانە دەبێت:

١ـ هەردوو پارێزەری گشتی بە پاڵاوتنی سەرۆکی ئاژانسو ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەریو بڕیاری پەرلەمان دادەمەزرێن.

٢ـ یاریدەدەرانی پارێزەری گشتی بە پاڵاوتنی پارێزەری گشتیو سەرۆکی ئاژانسو ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەریو بڕیاری پەرلەمان دادەمەزرێن.

## ماددە (٤٠)

ماوەو پلەی کاری پارێزەری گشتی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە بەڕێسایەك (**نظام**) دیاریدەکرێت بەمەرجێك هیچ دەسەڵاتێکی تری یاسایی‌و کارگێڕی لەسەروی پلەکەوە نەبێت.

## ماددە (٤١)

دەستەی داوا داراییەکان ، دەسەڵاتی داواکاری گشتی پێدەدرێت بۆ جیاکردنەوەی تاوانەکانی گەندەڵی لەهەر



کێشەو تاوانێکی تر دوای پێسپاردنی دۆسێکانی کێشەو داوا داراییەکان بەو دەستەیە.

## ماددە (٤٢)

دەسەڵاتی دادوەریی لەبارەی چۆنیەتی دادبینیو یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی داوا داراییەکان ڕێسایەك دادەنێت تیایدا:

١ـ دیاریکردنی شێوازی گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەکانی نێوان دادگاو هەردوو لایەنی ناکۆك.

٢ـ دیاریکردنی دەسەڵاتی دادگا لەڕێکخستنەوە یان کورتکردنەوە یان گۆڕینی ڕێوشوێنە یاساییە پەیڕەوکراوەکان لەدادبینیدا.

٣ـ چۆنیەتی تانەدان لەبڕیاری دادگاو دیاریکردنی ئەو دادگایەی تایبەتمەندە بەوەرگرتنی ئەو تانانەو ماوەی وەرگرتنو وەڵامدانەوەی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٤ ـ شـێوازو مـافی ئامـادەبوونی پـارێزەری گـشتیو یاریـدەدەرانی لەدادبینیـداو چـۆنیەتی ئـاڵوگۆڕکردنی پارێزەران لەماوەی دادبینییەکاندا.

٥ ـ چۆنیەتیو سنوری دەسەڵاتی دەستەی داوا دارایییەکان لەبەدواداچـونی کێـشەو داواکـان تاکۆتـایی ناکۆکییـەکان بەبڕیاری دادگا.

**مادده (٤٣)**

## (دەستەی داوا جەزائییەکان)

١ـ ئەم دەستەیە هەموو سکاڵاو هەواڵدانەکان وەردەگرێت کە تایبەتن بەتاوانێك لەتاوانەکانی گەندەڵی.

٢ـ دەسەڵاتەکانی ئەم دەستەیە ، تایبەتە بەتاوانەکانی گەندەڵی (پاش وەرگرتنی دۆسێکانی) بەبەردەوامبوون لەچاودێریو بەدواداچوونی ئەو تاوانانە لەهەر قۆناغێکی لێکۆڵینەوەدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (٤٤)**

پـارێزەری گـشتی داوا جەزائییـەکانو یاریـدەدەرەکانیان پێبـەپێی دەسـەڵاتی داواکـاری گـشتی کـە لەیاسـای (داواکاری گـشتی) داهـاتووە، دەتـوانن بـەناوی (مـافی گـشتی) یـەوە دەسـەڵاتەکانیان بـەکاربهێنن لەبەدواداچـوونی هـەر تـاوانێکی گەنـدەڵیو کۆکردنـەوەی بەڵگـەکانو دەسـتگیرکردنی تۆمەتبارانو ڕەوانەکردنیان بۆ دادگاو بەدواداچوونی کێشەکە تا دوای پلەی دادبینی.( **تقاضي** )

**مادده (٤٥)**

١ـ پارێزەری گشتی داوا جەزائییـەکان دەسـەڵاتی سـەرۆکی داواکاری گشتی دەبێتو بەدیاریکردنی جێگرێك بۆ پارێزەری گشتی، ئەو جێگرە دەسەڵاتی جێگری داواکاری گشتی دەبێت.

٢ـ پـارێزەرانی یاریـدەدەری پـارێزەری گـشتی داوا جەزائییەکان ، ئەو دەسەڵاتانەی ئەندامانی داواکاری گشتییان دەبێت کە لە (یاسای داواکاری گشتی) دا هاتووە.

## ماددە (٤٦)

دەستەی داوا جەزائییەکان لەبەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیدا دەبێت ئەم لایەنانە لە بەرچاو بگرێت:

١ـ بنەما یاساییەکان کەتایبەتە بەتۆمەتبارکردنی پەرلەمانتاران.

٢. بنەما یاساییەکان کەتایبەتە بەتۆمەتبارکردنی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (سەرۆکایەتی حکومەت)

٣ـ وەرگرتنی ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەری پێش هەر بڕیارو کردەوەیەك بەرامبەر هەر دادوەرێك.

## ماددە (٤٧)

دەسەڵاتی دادوەری لەبارەی چۆنیەتی دادبینیو یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکان کە دەستەی داوا جەزائییەکان دەسەڵاتی هەیە تیایدا، ڕێسایەك دادەنێت تیایدا:



١. پسپۆڕی دەستەکە، ناکۆك بوونی ئەو پسپۆڕییە لەگەڵ دەسەڵاتەکانو پسپۆڕی داواکاری گشتی هەرێمو دادگاکانی لێکۆڵینەوە ڕێکدەخات لەکاتی دروست بوونی ناکۆکی لەنێوان دەستەکەو ئەو لایەنانەی پێشتر، ئەگەر تاوانێکی گەندەڵی لەپاڵ تاوانێکی تردا لەلایەن یەك یان ژمارەیەك تۆمەتبارەوە ئەنجام درابوو.

٢ـ چۆنیەتی دەستبەکاربوونی پارێزەری گشتیو یاریدەدەرانی لەلێکۆڵینەوەو بەردەوام بوو لەبەشداریکردندا تا دوا پلەی دادبینیو بڕیاردانو چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیان وەك داواکاری گشتی.

٣ـ مەرجو سنورەکانی گۆڕینی کەسەکانی دەستەی داوا جەزائییەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی دادبینیو چاودێری هەر کێشەو داوایەك تا بڕیارلێدانی لەلایەن دادگاوە.

٤ـ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان لەنێوان داواکاری گشتیو پارێزەری گشتی لەڕوی ڕێپێدانو ڕاگرتنی لێکۆڵینەوە.

٥. چۆنیەتی دەست بەسەراگرتنی سامانو دارایی تۆمەتبار بەیەکێك لەتاوانەکانی گەندەڵیو ڕێگرتن لەسەفەرکردنی.

٦ـ چۆنیەتی تانەدان لەکردەوەو بڕیارەکانی دەستەکەو دیاریکردنی دادگای پسپۆڕو ماوەی وەرگرتنو وەڵامدانەوەی هەر سکاڵاو تانەیەك لەدژی بڕیارەکان.

٧-دوا ماوەی دەسەڵاتی (دەستە) بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لە هەر زانیاریو کێشەو هەواڵدانێك.

مه كتهبی بیر و هۆشیاری

**ماددە (٤٨)**

دەسەڵاتی دادوەری ڕێسایەکی تایبەت بەچۆنیەتی دامەزراندنو کاتی دەستبەکاربوونو تەواوبوونی ڕاژەی ئەندامانی هەردوو دەستەی (دارایی و جەزائی) دادەنێتو تیایدا مەرجەکانی بەردەوام بوونی ئەندامانی ئەو دوو دەستەیە لەکارەکانیانو مەرجەکانی دەستگیرکردنو دادگایی کردنیان دیاریدەکات.



**ماددە (٤٩)**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بودجەیەك بۆ ئاژانس دیاریدەکات لە بودجەی گشتی، ئاژانسیش بۆی هەیە بەرەزامەندی پەرلەمانی هەرێم یارمەتی دارایی وەربگرێت لەدەستەو دامەزراوە هاوشێوەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

**ماددە (٥٠)**

لەهەر مادەیەکی ئەم یاسایەدا، دەسەڵاتێك بۆ پەرلەمان دیاریکراوە، ئەو دەسەڵاتە لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانییەوە (بەناوی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی) بەکاردەهێنرێت بەم شێوەیە:

١ـ لیژنەکە لە (١٥) پەرلەمانتار پێکدێت کە هەڵگری بڕوانامەی یاسا یان کارگێڕیو ئابوریبن.

٢. لیژنەکە، بەلیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمان لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا جێگیردەکرێتو ئەرك و دەسەڵاتەکانیان دیاریدەکرێت.

٣ـ لیژنەكە، لەپەرلەمان چاودێری ڕاستەوخۆی ئاژانسی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دەكات بەهەموو پێكهێنەرەكانیەوە بەناوی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە، جگە لەم لیژنەیە هیچ لایەنێك دەسەڵاتی نییە بەسەر ئاژانسەوە.

٤- سەرۆكی لیژنەكە بە ناوی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە كارەكانی بەڕێدەكات.

٥- لە پاڵ ئەحكامەكانی ئەم یاسایە، (٢/٣)ی ئەندامانی لیژنەكە بۆیان هەیە ئەندامێكی لیژنەكەیان بخەنە بەر لێكۆڵینەوەی (ئاژانس) بە گومانی هەر سەرپێچیو تاوانێك لەم یاسایەدا هاتبێت.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



مه كته‌بی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژەی
# یاسای مافی هاووڵاتی
# لەدەستکەوتنی زانیاری

## (مشروع قانون
## حق المواطن في الحصول على المعلومات)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم پرۆژەیە لەشەش بەش و (٤٥) ماددە پێکهاتووە بەم شێوەیە:

★ بەشی یەکەم، کەبەشی فەرمانە گشتیەکانە لەماددە (١ تا ٥) پێناسەی وشەو دەستەواژەکان دەکات، دواتر ئەرکی فەرمانگە بەرپرسەکان لەپێشکەشکردنی زانیاری بەهاوڵاتیان، دیاریدەکات.

★ بەشی دووەم، بەناوی (بنەماکانی مافی دەستکەوتنو لێڕوانین لەزانیاریەکانو بڵاوکردنەوەی) بەماددەکانی (٦ ـ ٩) ڕووندەکاتەوە، چۆنیەتی ڕێکخستنی کارەکان لەلایەن فەرمانگەکانەوە دەخاتەڕوو.

★ بەشی سێیەم، تایبەتە بەچۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری دەستکەوتنی زانیاری لەلایەن هاوڵاتیانەوە، هەروەها ئەگەرەکانی پەسەندکردنو نەکردنی ئەو داواکارییە.

★ بەشی چوارەم، تایبەتە بەزانیارییە پارێزراوەکان، واتا ئەو زانیارییانەی کەیاسا دەیانپارێزێتو ڕێگا لەبڵاوبونەوەی دەگرێت بەماددەکانی (١٧ تا ٢٦).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

★ بەشی پێنجەم، تایبەتە بەپۆستی (ڕێپێدراوی گشتی زانیارییەکان) کەئاستی بەرپرسیارییەتیە لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایەو چونیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو پۆستە دەخاتە ڕوو لەماددە (٢٧) تا (٤٠).

★ بەشی شەشەم، فەرمانە کۆتاییەکانە بەماددە (٤١) تا (٤٥) کۆتایی بەپرۆژەکە دێنێت.

ئەم پرۆژە یاسایە پێوەری شەفافیەتی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو هاوڵاتیان دەخاتە ڕوو.

ئەو دەسەڵاتانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن پێشەنگن لەپەیرەوکردنی شەفافیەت لەپەیوەندییاندا لەگەڵ هاووڵاتیاندا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژەی یاسای
# مافی هاوولاتی لەدەستکەوتنی زانیاری

## بەشی یەکەم
## ( فەرمانە گشتییەکان )

### مادده (1)

لەپێناوی پیادەکردنی ئەم یاسایەدا، ئەم وشەو دەستەواژانە بەو واتایانە بەکاردێن کەلەبەرامبەریاندا دیاریکراوە:

**دەسەلات:** دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان.

**رێپێدراوی گشتی:** رێپێدراوی گشتی زانیاریەکان.

**ئۆفیس:** ئۆفیسی رێپێدراوی گشتی.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**دامەزراوەی گشتی:** سەرجەم وەزارەتەکانو یەکە کارگێڕییەکان، دامەزراوەکانی (یاسادانانو دادوەریو جێبەجێکردن، دەستە ناوچەییەکان، هەردامەزراوەیەکی تایبەت کە بوارێکی گشتی بەڕێوە دەباتو کارێکی گشتی ئەنجام دەدات یان زانیاری لەبارەی ژینگەو تەندروستیو ئارامی لەبەردەستدایە).

هەر دامەزراوەیەکی تریش کە (رێپێدراوی گشتی) بەدامەزراوەیەکی گشتی دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**فەرمانبەری پسپۆڕ:** ئەو فەرمانبەرەیە کە لەلایەن دامەزراوەکەیەوە تایبەت کراوە بەوەرگرتنو ڕوانین لەداواکارییەکانی دەستکەوتنی زانیارییەکان.

**زانیاری:** ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە لەتیانوسو دۆکیۆمێنتە نوسراوەکاندا هەلگیراون بەشێوەی ئەلکترۆنیو وێنەو نەخشەو خشتەو فیلمو مایکرۆ فیلم، یان تۆمارکراوە بە دەنگو بە ڤیدیۆ، هەروەها بەچارتو هەر شێوەیەکی تر

مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری

که زانیارییه‌کانی پێ پارێزراوبێت‌و (رێپێدراوی گشتی) به زانیاری دایبنێت بۆ ئه‌م یاسایه

**ماده (٢)**

هه‌موو زانیارییه‌کان که له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی دامه‌زراوه گشتییه‌کاندایه. جێگای ده‌ستکه‌وتن‌و لێروانینن، به‌ده‌ر له‌و زانیارییانه که به‌م یاسایه ده‌پارێزرێن له‌ومافه.

**ماده (٣)**

هه‌ر دامه‌زراوه‌یه‌کی گشتی ده‌بێت فه‌رمانبه‌رێکی پسپۆڕ به بڕیارێك دابمه‌زرێنێت بۆ ڕوانین له‌داواکارییه‌کانی ده‌ستکه‌وتنی زانیاری که له‌لایه‌ن هاوڵاتیان‌و هه‌رلایه‌ن‌و ده‌زگایه‌کی راگه‌یاندنه‌وه پێشکه‌ش ده‌کرێت، ده‌سه‌ڵاتی پێویست به‌و فه‌رمانبه‌ره ده‌به‌خشرێت بۆ به‌دواداچوون‌و گه‌یشتن به زانیارییه داواکراوه‌که.



مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری

**ماده (٤)**

ده‌بێت دامه‌زراوه گشتییه‌کان، زانیارییه‌کان به‌شێوه‌ی ئه‌لکترۆنی ئاماده بکه‌ن‌و بپارێزن به‌جۆرێك که به‌ئاسانی له‌لایه‌ن فه‌رمانبه‌ری پسپۆڕه‌وه ده‌ربهێنرێت.

**ماده (٥)**

ده‌بێت دامه‌زراوه گشتییه‌کان خولی ڕاهێنان بۆ فه‌رمانبه‌ره‌کان رێکبخه‌ن بۆ ئاگادارکردنه‌وه‌یان له‌گرنگی مافی هاوڵاتیان له‌لێڕوانین‌و ده‌ستکه‌وتنی زانیاری، هه‌روه‌ها له‌باره‌ی چۆنیه‌تی هه‌ڵگرتن‌و پاراستنی زانیارییه‌کان به باشترین شێواز بۆ ده‌رهێنانه‌وه‌و خستنه‌ڕوو.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## بەشی دووەم

## (بنەماکانی مافی دەستکەوتن و لێڕوانین لەزانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی)

### مادده (٦)

دەبێت دامەزراوە گشتییەکان راپۆرتی ساڵانەیان بڵاوبکەنەوە بەخستنەڕووی ئەم خاڵانە:

١ــ زانیاری کارگێڕی لەبارەی میکانیزمی کارکردنی دامەزراوە گشتییەکەو خستنەڕووی ئامانجەکان و کارە ئەنجامدراوەکان ، هەروەها تێچووی داراییو ژمێریاری

٢ــ ئەو رێوشوێنانەی پێویستن بگیرێنەبەر لەلایەن هاوڵاتییەوە بۆ ئاشنابوون بەسیاسەتی گشتی پرۆژە تایبەتەکانی دامەزراوە گشتییەکە.

٣ــ جۆرەکانی زانیاری کە لەژێردەستی دامەزراوە گشتییەکەدا هەیەو شێوازەکانی پاراستنی ئەو زانیاریانە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

٤ـ ناوەرۆکی هەربڕیارو پلانێك کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی گشتی هەبێت و هۆکارەکانی دەرکردنی ئەو بڕیارەو ئامانجەکانی.

٥ـ هەر زانیارییەکی تر کە (رێپێدراوی گشتی) بەگرنگی بزانێت بڵاوبکرێتەوە لەراپۆرتی ساڵانەی دامەزراوە گشتییەکەدا.

### مادده (٧)

مەرجە لەسەر دامەزراوە پیشەسازییە گشتیو تایبەتەکان هەر شەش مانگ جارێك راپۆرت بڵاوبکەنەوەو تیایدا بەلایەنی کەمەوە ئەم خاڵانە بخەتە ڕوو :

١ــ شوێنی کەرەستە ژەهراوی و زیانبەخشەکان کە بەکاردەهێنرێن و سروشتی ئەو کەرەستانەو مەترسیەکانی.

٢ـ ئاستو رێژەی پاشەڕۆ پیشەسازییەکان.

٣ـ چۆنیەتی لەناوبردنی پاشەڕۆکان.

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

### مادده (٨)

هەردامەزراوەیـــــەكی گـــــشتی بڕیــــاری لەسازدانی كۆبونەوەیەكی گشتی دا، دەبێت كاتو شوێنو ئامانجی ئەو كۆبونەوەیـە رابگەیـەنێتو نابێـت رێگریـی لـەئامادەبوونی هاوڵاتیـان بكرێـت، بـەو مەرجانـە نـەبێت كـە لـەم یاسـایەدا هاتووە.

### مادده (٩)

هیچ سزایەك بەسەر ئەو فەرمانبەرەدا نادرێت كە زانیاری لەبارەی سەرپێـچیو پێـشێلكارییەكانی ئـەم یاسـایە دەدات بـە (رێپێدراوی گشتی).



## بەشی سێیەم
## (پێشكەشكردنی داواكاری دەستكەوتنی زانیاری)

### مادده (١٠)

داواكـاری دەسـتكەوتنی زانیـاری پێـشكەش بەفەرمانبـەری پسپۆڕ دەكرێت لەو دامەزراوەیەدا كەزانیاریيـە خوازراوەكـەی لەژێر دەستدایە. دەبێت داواكارییەكە ڕوونو دیـاریكراو بێـت تـا یارمەتیـدەربێت بـۆ فەرمانبــەری پـسپۆڕ لــەدەرهێنانی زانیارییەكە.

### مادده (١١)

دەبێت فەرمانبەری پسپۆڕ لەكاتی وەرگرتنـی داواكارییەكـە نامەیەكی ڕەسمی بدات بەپێـشكەشكەری داواكارییەكـە تیایـدا ڕۆژی داواكارییەكـەو جـۆری زانیـاریو مـاوەی پێویـستی بـۆ وەڵامدانەوەی دیاری بكات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ماددە (١٢)

دەبێت لەماوەی (١٥) پانزدە رۆژدا فەرمانبەری پسپۆڕ وەڵامی داواکارییەکە بداتەوە، دەکرێت ئەو ماوەیە بۆ (١٥) پانزدە رۆژی تر درێژبکرێتەوە ئەگەر داواکارییەکە ژمارەیەکی زۆری زانیاری داواکراو تیادابوو یان پێویستی بەڕاوێژی لایەنی سێیەم بوو بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکە. دوای ئەو ماوەیە ئەگەر وەڵام نەدرایەوە ئەوا داواکارییەکە بەڕەتکراوە دادەنرێت.

### ماددە (١٣)

ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکە نیشاندرا دەبێت:

١ــ فەرمانبەری پسپۆڕ ئاسانکاری بۆ داواکار بکات لەدەستکەوتنی زانیارییەکەو تێچووی ئەو دەستکەوتنەی پێ ڕابگەیەنێت.

٢. ئەگەر داواکارییەکە لەزانیارییەك زیاتری تیادابوو، بۆ فەرمانبەری پسپۆڕ هەیە کە بەشێکی زانیارییەکان بخاتە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرچاوی داواکار ئەگەر بەشەکانی تری زانیارییەکان بەپێی ئەم یاسایە لەو مافە پارێزراوبوون.

### ماددە (١٤)

پاش رەزامەندی لەسەر داواکارییەکە، دەبێت:

١ ـ زانیارییەکە بەو شێوەیەی کە هەیە(دوکیومینت یان نوسراو...) پێشکەش بەداواکارەکەی بکرێت.

٢ ــ نابێت تەنها بەشێوەی زارەکی زانیارییەکە لەلایەن فەرمانبەری پسپۆڕەوە بەداواکار رابگەیێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە (رێپێدراوی گشتی) ڕێنمایی تایبەت سەبارەت بەدەستکەوتنی کۆپی زانیارییەکان دەردەکات.

### ماددە (١٥)

کارمەندی پسپۆڕ بۆی هەیە داواکارییەکە ئاراستەی دامەزراوەیەکی تر بکات پاش ئاگادارکردنەوەی (داواکار) ئەگەر ئەو دامەزراوەیە زانیاری زۆرتر یان لەبارتری لەژێر

دەستدا بوو. ئەوکات داواکارییەکە بەتەواوی دەچێتە لای ئەو دامەزراوەیە.

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**مادده (١٦)**

ئەگــەر داواکارییەکــە ڕەتکرایــەوە، دەبێــت فەرمانبــەری پــسپۆڕ ئــەو ڕەتکردنەوەیــە بەنوســراوێکی هــۆدار بــدات بــە داواکارەکە، نابێت ئەو هۆکارەش لەم دوانە بەدەربێت:

١- زانیارییە داواکراوەکە لەلای ئەو دامەزراوەیە نەبێت.

٢- زانیارییە داواکراوەکە بەپێی ئەم یاسایە پارێزراوبێت.



مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## بەشی چوارەم
## (زانیارییە پارێزراوەکان)

**مادده (١٧)**

ئــەو زانیاریانــەی پەیوەنــدییان بــە ئاسایــشی نیــشتیمانیو سیستمی گشتییەوە هەیە بەم یاسایە پارێزراون.

دەبێــت فەرمانبــەری پــسپۆڕ داواکارییەکــە ڕەتبکاتــەوەو زانیارییــەکان نەخاتــە ڕوو ئەگــەر ئــەم لایەنانــەی تیــادا داواکرابوو:

١ــ زانیــاری لــەبارەی چــەكو ســتراتیژو جموجۆڵــە سەربازییەکانو هەر بابەتێکی پەیوەست بەپاراستنی هەرێم.

٢ــ زانیارییــە پەیوەســتەکان بــەراگرتنی ئاســایشو هەڵوەشــاندنەوەی هەوڵــە دوژمنکارییــەکانی دژ بەهــەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەکی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٣- پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان کە پەیوەستە بەکاروباری بەرگری‌و هاوپەیمانییە سەربازییەکان.

٤ـ هەر زانیارییەك بەبۆچوونی (ڕێپێدراوی گشتی) پەیوەست بێت بەئاسایش‌و سیستمی گشتییەوە.

**مادده (١٨)**

نابێت ئەو زانیاریيانەی پەیوەستن بەهەر دەوڵەت‌و ڕێکخراوێکی بێگانەوە ئاشکرا بکرێت ئەگەر پاراستنی ئەو زانیارییانە ڕێکەوتنی لەبارەوە کرابوو.

**مادده (١٩)**

فەرمانبەری پسپۆڕ بۆی نییە داواکارییەکان ڕەتبکاتەوە بەپێی هەردوو مادده (١٧) و (١٨) ئەگەر زیاتر لەبیست ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر بونیدا. جگە لەو زانیاريانەی کە (ڕێپێدراوی گشتی) بەپێویستی دەزانێت پاراستنیان بۆ ماوەیەکی تر درێژبکرێتەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (٢٠)**

نابێت زانیارییەکانی دامەزراوە تایبەتیەکان بەلێکۆڵینەوە لەتاوانەکان‌و کردەوە یاساییەکان بخرێنەڕوو ئەگەر ئاشکراکردنی ئەو زانیاریانە زیان بەلێکۆڵینەوەو جێبەجێکردنی ئەرکەکان بگەیێنێت یان زیان بەناوبانگی کەسێك بگەیەنێت پێش تاوانبارکردنی.لەلایەن دادگاوە.

**مادده (٢١)**

بۆ پاراستنی ئاسایشی ئابووری نابێت ئەم زانیارییانە ئاشکرا بکرێن:

**یەکەم:** نهێنی پیشەیی‌و بازرگانی دامەزراوەیەك.

**دووەم:** ئەو نهێنیەی زیان بە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی هەرێم دەگەیەنێت یان بەتوانای هەرێم لەبەڕێوەبردنی سیستمە ئابوورییەکەی، یان دەبێت بەهۆی پەیدابوونی

دەستكەوتی تایبەت بۆ كەسێك یان لایەنێك، نهێنییەكانیش ئەمانە دەگرێتەوە:

١ـ نرخی دراوو ئاراستەكانی لەناو هەرێمدا.

٢ـ ئەو گۆڕانكارییە چاوەڕوانكراوانە لەنرخو پێناسە گومرگییەكانو باجو هەر سەرچاوەیەكی تری داهات.

٣ـ ئەو گۆڕانكارییانە كە چاوەڕوان دەكرێت لەنرخی سوودی قەرزە حكومییەكاندا.

٤ـ گۆڕانكارییە چاوەڕوانكراوەكان لەنرخی داراییەكانی حكومەتدا لەپشكو سامانی گواستراوەو نەگواستراوە.

٥ـ ئەو گرێبەستو رێكەوتنانەی دامەزراوە گشتییەكان لایەنن تیایدا سەبارەت بەكەرەستەیەك كە دەبێت بەهۆی ئاشكراكردنی نرخەكەی لەبازاڕدا.

**ماددە (٢٢)**

نابێت ئەوزانیارییانەی بە(نهێنی بازرگانی) دادەنرێنو پەیوەندییان بەلایەنێكی ترەوە هەیە لەڕووی پیشەییو



بازرگانییەوە ئاشكرابكرێت ، هەروەها ئەو زانیارییانەی دەبن بەهۆی لاوازكردنی پێگەی ركابەری(منافسة) ئەولایەنە.

**ماددە (٢٣)**

ئەو زانیارییانە ئاشكرا ناكرێن كەپەیوەندییان بەكاروباری ناوخۆی دامەزراوەیەكو فەرمانبەرانیو فەرمانە ناوخۆییەكانەوە هەیە، هەروەها گفتوگۆو پێشنیارەكانی ناو ئەو دامەزراوەیە.

**ماددە (٢٤)**

بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی هیچ زانیارییەك لەبارەی ئەگەری ڕوودانی كارەساتی سروشتیو نەخۆشی بەربڵاو ئاشكرا ناكرێت.

**ماددە (٢٥)**

هەرزانیارییەك زیان بەباری ئاساییو تەندروستی كۆمەڵە كەسانێك بگەیەنێت ئاشكراكردنی قەدەغەیە.

مه كتهبی بیر و هۆشیاری

### مادده (٢٦)

هیچ زانیارییەك لەبارەی هیچ كەسێك ئاشكراناكرێتو جێگای داواكردن نییە ئەگەر پەیوەست بێت بەژیانی تایبەتییەوە جگە لەم لایەنانەدا:

١ـ ئەگەر كەسی مەبەست خۆی ڕەزامەندی لەسەر ئاشكراكردنی دەربڕی.

٢ـ ئەگەر زانیارییەكە بەئاشكرایی بڵاوكرابووەوە.

٣ـ ئەگەر داواكاریی ئاشكراكردنەكە بەبڕیاری دادگا یان بەڕەزامەندی (ڕێپێدراوی گشتی) بوو

٤ـ ئەگەر داواكار (سەرپەرشتیار- وەصی) بوو بەسەر ئەو كەسەوە كەزانیارییەكە تایبەتە پێی.



مه كتهبی بیر و هۆشیاری

## بەشی ( پێنجەم )
## (ڕێپێدراوی گشتی زانیارییەكان)

### مادده (٢٧)

ئۆفیسێك بەناوی (ئۆفیسی ڕێپێدراوی گشتی زانیارییەكان) دادەمەزرێت، خاوەنی كەسێتی مەعنەوییەو سەربەخۆیی تەواوی دەبێت بۆ بەجێهێنانی كارەكانی، بودجەیەكی تایبەتیشی لەبودجەی گشتی بۆ دیاری دەكرێت.

### مادده (٢٨)

ئۆفیس دەسەڵاتی تێهەڵچونەوەی هەیە لەداواكارییە ڕەتكراوەكان، هەروەها كاربۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەو بەدیهێنانی ئامانجەكانی دەكات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (٢٩)**

ئۆفیس ئەم ئەرك‌و دەسەڵاتانەی هەیە:

١ـ دانانو ڕێکخستنو جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانو ئاراستە گونجاوەکان بۆ بەرگری لەمافی هاوڵاتی لەدەستکەوتنو لێڕوانینی زانیارییەکان.

٢ـ ڕاهێنانی فەرمانبەرانو بەرپرسانی دامەزراوە گشتییەکان لەبارەی چۆنیەتیو گرنگی دەستکەوتنی زانیارییەکان.

٣. تۆمارکردنی سەرپێچییەکانی دامەزراوە گشتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

٤ـ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوەکان لەبارەی بەربەستەکانی بەردەم دەستکەوتنی زانیاریو چۆنیەتی ئاسانکردنی دەستکەوتنی.

**مادده (٣٠)**

بارەگای سەرەکی ئۆفیس لەشاری (       ) دەبێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (٣١)**

تێهەڵچونەوەی ئۆفیس لەداواکارییە ڕەتکراوەکان لەم لایەنانەدا دەبێت:

١ـ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە لە لایەن دامەزراوەیەکی گشتییەوە.

٢ـ دانانی نرخێکی بەرز (وەك تێچوون) لەسەر داواکارییەکە.

٣ـ درێژکردنەوەی ماوەی وەڵامدانەوەی داواکارییەکە بەپێچەوانەی مادده (١٢)ی ئەم یاسایە.

٤ـ هەر داواکارییەك ئاراستەی چەند دامەزراوەیەك کرابێت بێ ئەوەی وەڵام درابێتەوە.

٥ـ هەربابەتێکی تر لەلایەن (ڕێپێدراوی گشتییەوە) بەگرنگ بزانرێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### مادده (٣٢)

داواکاری تێهەڵچونەوە لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەکاتی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە پێشکەش دەکرێت، یان لەوکاتانەی کە لەمادده (٣١) دا دیاری کراوە.

### مادده (٣٣)

دەبێت لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا داواکاری تێهەڵچونەوەکە لەلایەن ئۆفیسەوە وەڵام بدرێتەوە.

### مادده (٣٤)

نوسراوێك لەلایەن ئۆفیسەوە ئاراستەی بەشی زانیاری ئەو دامەزراوەیە دەکرێت کە داواکارییەکەی ڕەتکردۆتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی لەداواکاری تێهەڵچونەوەکەو داواکردنی هۆکاری ڕەتکردنەوەکە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

### مادده (٣٥)

(ڕێپێدراوی گشتی) سەرۆکی ئۆفیسە، لەلایەن پەرلەمانەوە کاندید دەکرێتو بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم دادەمەزرێت بۆماوەی چوار ساڵ شایەنی نوێکردنەوە دەبێت بۆ دووساڵی تر، درێژکردنەوەکەش بەڕەزامەندی پەرلەمان دەبێت دوای تەواوبوونی ماوەی یەکەمی.

### مادده (٣٦)

سەرۆکی ئۆفیس بڕیاردەرە لەو داواکاریانەی ئاراستەی دەکرێتو بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی دەکات، هەروەها بڕیار لەڕێسای ئۆفیسو دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەدات.

### مادده (٣٧)

(ڕێپێدراوی گشتی) نابێت هیچ کارو پۆستێکی تری هەبێت، ئەگەر دەرکەوت کارێکی تری هەیە ئەوا

لەپۆستەکەی لادەبرێت، هەروەها لەم کاتانەشدا لە کار دەخرێت:

١. ئەگەر تاوانبارکرا بەتاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

٢. ئەگەر تاوانبارکرا بەیەکێك لەتاوانەکانی گەندەڵی.

**ماددە (٣٨)**

سەرجەم دامەزراوەکان پابەند دەبن بەڕاسپاردەکانی (ڕێپێدراوی گشتی) لەبارەی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددە (٣٩)**

(ڕێپێدراوی گشتی) ئەم دەسەڵاتو مافانەی هەیە:

١ـ چونەناو هەر دامەزراوەیەکی گشتی بە مەبەستی پشکنینی تیانوسو پەڕاوە تایبەتەکان کەپەیوەستن بەزانیارییە داواکراوەکان.

٢ـ لێکۆڵینەوەو دواندنی هەر فەرمانبەرێك بەمەبەستی وەرگرتنی زانیارییە داواکراوەکان.



٣. لێکۆڵینەوە لەهەر کەسێك بەرپرس بێت لە(شاردنەوەو فەوتاندنو گۆڕینی زانیارییەکان بەپێچەوانەی ڕاستیەوە بەمەبەستی ڕێگرتن لەئاشکراکردنی ) بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەکانو ڕەوانەکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆ دادگا.

٤ـ پرسیارکردن لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو هەر وەزیرێك کە ڕێگری لە دەستکەوتنی زانیارییەك کردبێت، بەم شێوەیە:

أ - پرسیارەکە بەنوسراوێکی فەرمی ئاراستە بکات.

ب - دەبێت لەماوەی (١٥) ڕۆژدا ئەو پرسیارە وەڵامبدرێتەوە بەنوسراوێکی فەرمی.

ج - ئەگەر لەماوەی دیاریکراودا وەڵامی پرسیارەکە نەدرایەوە یان وەڵامدرایەوە بەهۆکارێکی ناپەسەند، (ڕێپێدراوی گشتی) بۆی هەیە راپۆرتێك لەوبارەیەوە ئاراستەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم بکات بۆ ئاگادارکردنەوەیان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## مادده (٤٠)

(رێپێدراوی گشتی) پابەندە بەپێشکەشکردنی راپۆرتێك هەر شەش مانگ جارێك بۆ پەرلەمانی هەرێمو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تیایدا:

١. ئەو لایەنانە دیاری بکات کە رێگرییان لە پێشکەشکردنی زانیاری کردووە.

٢ـ ئەو گرفتانە بخاتەڕوو کە دووچاری جێبەجێکردنی کارەکانی دەبێتەوە.

٣ـ هەر راسپاردەیەك (رێپێدراوی گشتی) بەگونجاوی بزانێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی شەشەم
# (فەرمانە کۆتاییەکان)

## مادده (٤١)

١ـ تێچووی داواکارییەکانی دەستکەوتنی زانیاری بەلیستێك لەلایەن رێپێدراوی گشتییەوە ئامادە دەکرێتو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت پاش پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە.

٢ـ تێچوی داواکارییەك ( ) دینارە بۆیەك زانیاری، دەکرێت ئەو بڕە پارەیە زۆرتر بکرێت ئەگەر لەزانیارییەك زیاتر داوا کرابوو، یان تێچووی کۆپیکردنی پەڕاوو دۆکیومێنتە داواکراوەکان لەسەروو ئەو بڕە پارەیەوە بوو.

## مادده (٤٢)

تێچووی داواکاریی تێهەڵچوونەوە لەداواکارییەکان نابێت لە (   ) دینار زۆرتر بێت.

## مادده (٤٣)

کار بەهیچ حوکمێکی پێچەوانەی ئەم یاسایە ناکرێت.

## مادده (٤٤)

ئەنجومەنی وەزیران رێنماییە تایبەتەکان بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات لەماوەی شەش مانگدا لەڕۆژی پەسەندکردنیەوە.



## مادده (٤٥)

هەموو دامەزراوەو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم یاسایە لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن دوای یەك ساڵ لەپەسەندکردنی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژەی یاسای
# خستنەڕووی ئەستۆی دارایی

## (مشروع قانون اشهار الذمة المالية)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم پڕۆژەیە ، لە (١٣) ماددە پێکهاتووە. لەمادەکانی ئەم یاسایەدا، کەس و ئاستەکان لە خستنەڕوی ئەستۆی دارایيان دیاری دەکرێن، واتە لەو موڵك و سامان و داراييانەی کە بەناوی خۆیان، یان بەناوی هاوسەرو منداڵەکانیانەوە، ، بەر لە دەست بەکاربونیانیان لەپۆستی فەرمانبەرێتی گشتیدا هەیان بووە. دواتر پێناسەی ئەو دەستەیە دەکات کە بەرپرسی سەرەکییە لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایەو ئەرکەکانی بەماددەی (٣) و (٤) دیاری دەکات.

لەماددەی (٥) دا، ئەرك و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، لەلایەن دامەزراوەکانی هەرێمەوە بەرامبەر بەدەستەی خستنەڕوی ئەستۆی دارایی و چۆنێتی هاوئاهەنگی نێوان (دەستە) و ئەو دامەزراوانە دەخاتە ڕوو. لەماددەی (٨) دا، ئەو لیژنانە دیاریدەکات کەبەرپرسن لەکاری پشکنین و وردبوونەوەدا. لەماددە (٩) دا ، ئەرکەکانی لیژنەی پسپۆر بە پشکنینو ئەگەرەکانی ئەنجامی کارەکانیان دەخاتە ڕوو. لەماددەکانی (١١) و (١٢) شدا ، باس لەوسزایانە دەکات



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کە بەرامبەر کردەوەکانی سەرپێچیکردن و لادان لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەکرێن .

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

# پرۆژەی یاسای
# خستنەڕووی ئەستۆی دارایی

**مادده (١)**

ئـەم یاسـایە بەیاسـای خـستنەڕووی ئەسـتۆی دارایـی ناودەبرێت.

**مادده (٢)**

حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە ، بەسـەر ئەمانـەدا جێبەجێدەکرێت:

أ- سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی ، لەگەڵ :

١- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگرەکانیو وەزیرەکان.

٢- سەرۆکی دامەزراوە گشتییە سەربازیو مەدەنییەکانو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ..

٣- فەرمانبەرانی پلەباڵاکانو هاوپۆستەکانیان لەپلەو موچەدا لەفەرمانگەو دامەزراوەکانی هەرێمدا.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

٤- نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەنوسینگەکانی دەرەوەو باڵیۆزخانەکاندا.

٥- پارێزگارەکانو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاو سەرۆکی شارەوانییەکانو ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییە گەورەکان.

٦- سەرۆكو ئەندامانی لیژنەو دەستەی (تەندەر) لە لیژنە گشتیو تایبەتە سەربازیو مەدەنییەکانو لیژنەکانی زیادکردنو داشکاندنەکانی فەرمانگەکانی حکومەتو دامەزراوە گشتییەکانو شارەوانییەکان.

٧- هەر فەرمانبەرێك لەهەر پۆستێکدا بێت بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بیگرێتەوە.

٨- سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە حکومەت پشکی ٥٠٪ پەنجاو بەرەوژووری هەیە تیایدا.

ب - سەرۆکی پەرلەمانو پەرلەمانتارانی هەرێم.

جـ - دادوەران

د ـ هەر خاوەن پلەو پۆستێك كە بەشێكی بودجەی گشتی لەدەسـەڵاتیدابێت ، یـان بڕیـاردەر بێـت لەهـەر بـوارێكی بەرژەوەندی گشتیدا.

**مادده (٣)**

دەستەیەك بەناوی (دەستەی خستنەڕووی ئەستۆی دارایی) بەبڕیاری پەرلەمان پێكدێت بەم شێوەیە :

١-(دەسـتە) ڕاسـتەوخۆ لـەژێر چـاودێریو سەرپەرشـتی ئەنجومەنی باڵای دادوەرییدا دەستبەكاردەبێت

٢- لەلایـەن دادوەرێكـی ئەنـدامی دادگـای (تـەمیز) سـەرۆكایەتی (دەسـتە) دەكرێـت پـاش دیـاریكردنی لەلایـەن ئەنجومـەنی بـاڵای دادوەرییـەوە ، هـەروەها ژمارەیـەكی پێویست لەكارمەندو یاریدەدەری بۆدیاری دەكرێت

**مادده (٤)**

١- (دەسـتە) دانییانـانی ئـەو كەسـانە وەردەگرێـت كەئـەم یاسایە بەسەریاندا جێبەجێدەكرێت .



٢- كۆكردنـەوەو پاراسـتنی فۆرمـەكانی دانیپیانـانی ئەسـتۆی دارایی ئەركی (دەستە)یە .

٣- (دەستە) بۆی هەیە هەر زانیاریو هـەواڵێك وەربگرێـت لـــەبارەی فۆرمـــە پڕكراوەكـــان لـــە ڕووی نادروســـتی ناوەڕۆكەكەیەوە لە هەر كەسو لایەنێك .

٤- بەپێی ڕاسپاردەكانی سەرۆكی دەستە ، ئەنجومەنی بـاڵای دادوەری ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێكخستنی كـاری ئـەم دەسـتەیە دەردەكـات ، لـەو ڕێنماییانـەدا ئـەو زانیاریانـە جـێگیر دەكـات كەدەبێت وەڵام بدرێتەوە لەلایـەن ئـەو كەسـەوە كـە ئەسـتۆی دارایـــی دەخاتـــەڕوو ، هـــەروەها كلێـــشەی فـــۆرمی زانیارییـەدانپیانراوەكانو چـۆنیەتی گەیانـدنی بـە دەسـتەو كاتی وەرگرتنی دیاریدەكات .

**مادده (٥)**

١ـ هەر لایەنو دامەزراوەیەك كە ئـەم یاسـایە كاربەدەسـتو فەرمانبـەرو بەرپرسـەكانی دەگرێتـەوە، دەبێـت نـاوی ئـەو كەسـانەی بەلیـست ڕێكبخـاتو ئاراسـتەی (دەسـتە)ی بكـات

لەماوەی دوومانگ لەکارکردن بەم یاسایە ، یان لە کاتی دەست بەکاربوونی هەریەکێکیان بەپێی پسپۆڕییەکانیان .

٢ــ ئـەو لایـەنو دامەزراوانـە لەسـەریانە وەڵامـی هـەر پرسـیارو داواکارییـەکی دەسـتەکە بدەنـەوە لـە مـاوەی (١٥) پانزدە ڕۆژدا لە بارەی هەر ئەندامێکیان.

٣-دەبێت بابەتە داواکراوەکان بەنهێنیو ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرۆکی دەستەکە بکەن بەبێ ئەوەی کەسێك (لەکاربەدەستو کارمەندانی دەستەکە) بۆی هەبێت ناوەرۆکەکەی ببینێت بەهەر شێوەیەك بێت .

**مادده (٦)**

ئەو کەسەی لەمادده (٢) دا ئاستەکەی دیاریکراوە ، بەم شێوەیە ئەستۆی دارایی دەخاتەڕوو :

**یەکەم :**

١ـ ئەستۆی دارایی خۆییو هاوسەرو منداڵە ناکامەکانی لەماوەی سێ مانگی یەکەمی دەستبەکاربونیو پاش وەرگرتنی فۆرمی دانپیانان (کە لەبڕگەی (٤) مادده (٤) دا هاتووە)



پڕبکاتەوە بە ئاشکراکردنی داراییان بەپێی ئەو زانیارییانەی لێیان داواکراوە لە فۆرمەکەدا .

٢ـ خستنەڕووی ئەستۆی دارایی بڕگەی پێشوو بەردەوامی دەبێتو لەمانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵەی کە دەکەوێتە دوای ساڵی زایینی دەستبەکاربوونی ، دووبارە فۆرمی زانیاری پڕدەکاتەوەو بەردەوام دەبێت دووساڵ جارێك لەهەمان مانگی دیاریکراودا بەدرێژایی مانەوەی لەپۆستەکەیدا ، هەروەها لەکاتی لەکارخستنو دەست بەرداربوونی لەپۆستەکەی بە لەبەر چاو گرتنی ئەم دوو خاڵە :

أ - دەبێت لەهەر دانپیانانێکدا سەرچاوەی زیادبوونی داراییەکان بخاتە ڕوو.

ب- ئەگەر هاوسەری کەسی پەیوەست بەدانپیانانو خستنەڕووی ئەستۆی دارایی ئامادە نەبوو فۆرمی تایبەت بەخۆی پڕبکاتەوە، دەبێت ئەو کەسەو هاوسەرەکەی (بە یەکەوە یان بەجیا) دەستەکە ئاگاداربکات لە هەڵوێستی (پڕنەکردنەوەی فۆرمەکە) ..

**دووەم :**

١- دەبێت (دەستە) ئەو كەسە ئاگاداربكاتەوە كە دواكەوتووە لەپێشكەشكردنی فۆرمی دانپیانانی ئەستۆی دارایی (بە هەمان شێوە هاوسەرەكەی) بەپێویستی پێشكەشكردنی ئەو فۆرمە پاش مانگێك لەرۆژی ئاگاداركردنەوەیان.

٢ـ فۆرمەكانی دانپیانان كە لەبڕگەی (یەكەم)دا هاتووە بەداخراوی و مۆركراوی دەنێردرێت بۆ سەرۆكی دەستەو كردنەوەی لەلایەن هەر فەرمانبەرێكی دەستەوە قەدەغەیە بەپێی ئەم یاسایە.

٣ ـ دەستەكە ئەو فۆرمانە دەپارێزێت بەداخراوی تاكاتی وەرگرتنی هەر سكالاو هەواڵێك لەبارەی كەسی خاوەن فۆرمەوە بەمەرجێك ئەو سكالاو هەواڵە بەزانیاری ڕوون و دۆكیومێنتەوە بگات بە(دەستە) ئەوكات سەرۆكی دەستە بەئامادەبوونی (سەرۆكی دادگای تەمیز) فۆرمی دانپیانانەكە دەكاتەوە بۆ لێكۆڵینەوە لەسكالاو هەواڵەكە ، ئەگەر ڕاست بوو ئەوا فۆرمی دانپیانان و هەواڵەكە وەك سكالا ئاراستەی



لیژنەیەك لەو لیژنانە دەكرێت كە لەماددە (٨) ی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ وردبوونەوەو گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەكان.

**ماددە (٧)**

هەر پارەو داراییەكی گواستراوە یان نەگواستراوە، سودێك یان مافێك لەسوودا دەست یەكێك لەو كەسانە بكەوێت كەئەم یاسایە دەیگرێتەوە ، ئەگەر بۆخۆی بێت یان بۆكەسێكی تر بەهۆی بەكارهێنانی پۆست و پلەكەیەوە. هەروەها هەر زۆربونێك بەسەر دارایی خۆیی و منداڵە ناكامەكانیدا بێت لەگەڵ وەرگرتنی پۆستەكەیی و پاش وەرگرتنی بەدەستكەوتی ناڕەوا لە ئەنجامی بەكارهێنانی پلەو پۆستدا دادەنرێت، ئەگەر ئەو زۆربونە نەگونجاو بوو لەگەڵ سەرچاوەكانی داهاتیان و كەسی خاوەن پۆست نەیتوانی سەرچاوەی ڕەوای ئەو زۆربوونە بخاتە ڕوو.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**ماددە (٨)**

أ. لیژنەیەك یان زیاتر هەڵدەستێت بەپشكنین و وردبونەوە لەدانپیانانی ئەستۆ داراییەكان بەرامبەر بەهەر زانیاری و هەواڵدانێك كە گومان بخاتە سەر دروستی هەر فۆرمێكی دانپیانان .

ب . لیژنەكانی پشكنین و وردبوونەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای دادوەری دادەمەزرێت ، بەسەرۆكایەتی دادوەرێكی دادگای (تەمیز) و ئەندامێتی دوو دادوەری پلەیەك بەلای كەمەوە.

ج . هەر لیژنەیەك بۆماوەی شەش مانگ دەست بەكاردەبێت لەنیوەی دووەمی ئەو ساڵەدا كە بەدوای ساڵی وەرگرتنی فۆرمی دانپیانانەكاندا دێت.

د . لیژنەكە هەڵدەستێت بەپشكنین و وردبونەوە لەدانپیانانی ئەستۆ داراییەكان پاش ڕەوانەكردنی لەلایەن سەرۆكی دادگای تەمیزەوە بەپێی (خاڵی ۳ ی بڕگەی دووەمی ماددە ٦) لەم یاسایەدا ، بۆ ئەم مەبەستەش



مەكتەبی بیروهۆشیاری

لیژنەكە بۆی هەیە داوای هەر ڕوونكردنەوەو زانیارییەك بكات لەخاوەنی فۆرمی دانپیانانەكە یان لە هەر كەس و لایەنێكی تر . نابێت هیچ یاسایەك ڕێگری لەم دەسەڵاتە بكات.

هـ . دەستەی خستنەڕووی ئەستۆی دارایی و لیژنەكانی سەر بەو دەستەیە بۆیان نییە بەهیچ شێوەیەك دانپیانانێكی نوێ یان هاوپێچ لەو كەسانە وەربگرن كەفۆرمیان پڕكردۆتەوە پێش و پاش تۆماربوونی هەر سكاڵاو هەواڵدانێك لە سەریان.

**ماددە (٩)**

**یەكەم :**

١. ئەگەر بۆ لیژنەكە دەركەوت كەزۆربونێك بەسەر سامانی ئەو كەسەدا هاتووە كەپشكنین و وردبونەوە لەبارەی ئەستۆیەوە دەكرێت (یان بەسەر سامانی هاوسەرەكەی و منداڵە ناكامەكانیدا) بەشێوەیەك كە نەگونجێت لەگەڵ سەرچاوەی داهاتیان ، لیژنەكە بۆی هەیە داوای بەڵگەو ڕونكردنەوەی پێویست لەكەسی مەبەست بكات بۆ

دیاریکردنی هۆکارو سەرچاوەی ڕەوای ئەو زۆربوونە لەسامانەکەیدا.

٢ـ ئەگەر بەڵگەی تەواو لای لیژنەکە دروست بوو یان کەسی داوالێکراو نەیتوانی وەڵامی داواکارییەکانی لیژنەکە بداتەوە، ئەوا لیژنە بۆی هەیە پەڕاوی وردبونەوەو پشکنینەکەی ڕەوانەی دەسەڵاتە تایبەتەکان بەلێکۆڵینەوەو دادگایی کردن بکات. بەپێچەوانەشەوە ، ئەگەر بەڵگەی تەواو دروست نەبوو لەسەر کەسی مەبەست ، لیژنەکە بڕیار بەکۆتایی هاتنی پشکنینو وردبینیەکە دەدات .

دووەم :

١ـ ئەگەر بۆلیژنەکە دەرکەوت لەکاتی پشکنینو وردبینیدا کە بەڵگەی تەواو لەبارەی دەستکەوتی ناڕەوا لەسەر کەسی مەبەست لەبەردەستدایە، دەتوانێت بڕیار بەڕێگرتن لەبەکارهێنانی پارەو سامانی خۆیی‌و منداڵە ناکامەکانی بدات (هەمووی یان بەشێکی) یان هەر بڕیارێك بۆ پاراستنی ئەو پارەو سامانە لە بەکارهێنان. ئەم بڕیارە تایەك مانگ



بەکاردەبێت، ئەگەر لەو ماوەیەدا پەڕاوی پشکنینو وردبینیەکە نەدرا بەلایەنی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵینەوە ، ئەوا بڕیاری پێشوو پوچەڵ دەبێتەوە.

٢ـ بۆکەسی مەبەست هەیە کەبڕیاری ڕێگرتن لەبەکارهێنانی پارەو سامانەکانی بەسەردا دەدرێت، ناڕەزایی بدات بە(دەستە) لەبارەی بڕیاری لیژنەکەوە، دەستەش بۆی هەیە بڕیاری لیژنەکە ڕابگرێت یان گۆڕانکاری بەسەربهێنێت لە ماوەی (٣) ڕۆژدا. ئەگەر ناڕەزاییەکەش پەسەندنەکرا لەماوەی دیاریکراودا، کەسی زیانلێکەوتوو بۆی هەیە تانە لەبڕیاری (دەستە) بدات لەدادگای دەستووری هەرێم.

**مادده (١٠)**

١- دانپیانانی ئەستۆی دارایی‌و بەڵگەو زانیاری‌و ڕونکردنەوەکانو کاری پشکنینو وردبینی‌و بڕیارە دەرچووەکان بەپێی ماددە (٨)، هەمووی نهێنین ، دەربازکردنی هەر زانیارییەك لەوانە لێپرسینەوەی یاسایی بەرامبەر دەکرێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

٢- مافی لێڕوانینو بینینی هەموو ئەوانەی لە بڕگەی پێشتردا هاتووە تەنها بۆ (دەستە) و لایەنەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایەو نابێت بەهیچ شێوەیەك بدركێندرێت یان بڵاوبکرێتەوە.

**ماددە (١١)**

سزای بەندکردنی یان (غەرامە) کردن یان هەردوکیان دەدرێت بەسەر هەر کەسێکدا دوابکەوێت بەبێ هۆکارێکی پەسەند لەپێشکەشکردنی فۆرمی دانپیانانی ئەستۆی دارایی ، پاش ئاگادارکردنەوەی.

**ماددە (١٢)**

هەرکەسێك ، یەکێك لەم کردەوانەی دواتر ئەنجام بدات ، بۆ ماوەی نێوان (٦) مانگ تا (٣) ساڵ بەند دەکرێت.

١ــ زانیاری نادروستی پێشکەشکردبێت لەفۆرمی زانیاریەکاندا.



٢ــ هەواڵدانێکی نادروستی لەبارەی دەستکەوتی نارەوا دابێت بەمەبەستی زیانپێگەیاندنی کەسێك، ئەگەر ئەو هەواڵدانەش نەگەیشتە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن.

٣ــ سەرپێچی لەحوکمی ماددەکانی (٥) و (٦) و (١٠) ئەم یاسایەی کرد.

**ماددە (١٣)**

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی ڕێساکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژەی یاسای
# نەهێشتنی دەستکەوتی نارەوا

**(مشروع قانون مكافحة الكسب غير المشروع)**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیروهۆشیاری

ئەم پڕۆژەیە، لە (٢١) مـاددە پێكهـاتووە. لـەماددە (١) و (٢) دا، پێناسـه گـشتییەكان، كـە تایبەتـە بـەو یاسـایەو ئـەو كەسانەی كە یاساكە دەیانگرێتەوە، لەخۆ دەگرێت.

ماددەكـانی (٣) تـا (٨)، تایبـەتن بـەو دەسـتە پـسپۆڕەی كـە ئەركی جێبـەجێكردنی ئـەم یاسـایەی لەئەسـتۆدایە، هـەروەها سـەرۆك‌و ئەنـدامانی دیاریـدەكات. دواتـر لـەماددە (٩) تـا (١١) ئەرك‌و دەسەڵاتەكانی دەستەی بەرپرسی دیاریدەكات.

هـــەردوو مــــاددە (١٢) و (١٣) پەیوەنـــدی دامــــەزراوە سەرەكییەكانی هەرێم كە (پەرلـەمان‌و حكومـەت‌و دەسـەڵاتی دادوەری) یــە بــە (دەســـتە)وە ڕێـــك دەخـــات لـــەبواری جێبـــەجێكردنی ئـــەم یاســـایەداو بـــەماددەكانی (١٤) تـــا (٢١) حوكمە گشتییەكانی ئەم پڕۆژەیە كە چەند لایـەنێكی گشتی پەیوەستدار بە پیادەكردنی یاساكە دەخاتە ڕوو.

پڕۆژەكـە بەگـشتی پەیوەندییـەكی ڕاسـتەوخۆو سـەرەكی هەیە بە (پڕۆژەی یاسای خستنەڕووی ئەسـتۆی دارایـی)ەوە و ئـەم دوو پڕۆژەیـە كاریگـەری ڕاسـتەوخۆیان دەبێـت لەسـەر پتەوكردنی ئاستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.



مه کتەبی بیروهۆشیاری

## پڕۆژەی
## یاسای نەهێشتنی دەستكەوتی ناڕەوا

### ماددە ( ١ )

ئــەم وشــەو دەســتەواژانە، بــەو واتایانــە دێــن كــە لــە بەرامبەریاندا دیاریكراون:

**دەستە** : دەستەی نەهێشتنی دەستكەوتی ناڕەوا

**سەرۆك** : سەرۆكی دەستەی نەهێشتنی دەستكەوتی ناڕەوا

**دەستكەوتی نـاڕەوا** : هـەر دارایـی‌و سـامانێك، دەست هـەر كەســێك كــەوتبێت كــە لــەم یاســایەدا دیــاری كــراوە، دەسـتكەوتەكە بـۆ خـۆی بێـت یـان بـۆ كەسێكی تـر، بـە هـۆی خۆیەوەبێ بە بـەكارهێنانی پۆسـت‌و پلـەی فەرمانبەرییـەوە ، یــان بــە هــۆی كردەوەیــەكی پێــچەوانەی یاســاو سیــستمی گــشتییەوە، یــان بەهــەر شــێوەیەكی نــاڕەوابێ، ئەگــەر ئــەو شێوەیەش بە تاوان نەناسـرابێت، دەسـتكەوتی نـاڕەوا هـەموو ئــەو زۆربونانــەش دەگرێتــەوە كــە بەســەر داهــات‌و ســامانی هاوســەرو منداڵـە ناكامـەكانی ئـەو كـسانەدا دێـن كـە لـەم

یاسایەدا دیاری کراون، ئەگەر نەتوانرا سەرچاوەی ڕەوای ئەو داهاتانە ئاشکرا بکرێت.هەروەها هەموو ئەو سامانە گواستراوەو نەگواستراوانەش دەگرێتەوە کە دەکەونە ئەستۆی هەر کەسێکی سروشتیو مەعنەوی، ئەگەر لە ئەنجامی ئاسانکاریو چاوپۆشینی کەسە دیاریکراوەکانی ئەم یاسایەوە بەدەست هاتبێت.

**مادده ( ٢ )**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ، بەسەر ئەمانەدا جێبەجێدەکرێت:

أ- سەرۆکی هەرێموجێگرەکەی ، لەگەڵ :

١- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگرەکانیو وەزیرەکان.

٢- سەرۆکی دامەزراوە گشتییە سەربازیو مەدەنییەکانو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ..

٣- فەرمانبەرانی پلەباڵاکانو هاوپۆستەکانیان لەپلەو موچەدا، لەفەرمانگەو دامەزراوەکانی هەرێمدا.



٤- نوێنەرانی حکومەتی هەرێم، لەنووسینگەکانی دەرەوەو باڵیۆزخانەکاندا.

٥- پارێزگارەکانو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاو سەرۆکی شارەوانییەکانو ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییە گەورەکان.

٦- سەرۆكو ئەندامانی لیژنەو دەستەی (تەندەر) لە لیژنە گشتیو تایبەتە سەربازیو مەدەنییەکانو لیژنەکانی زیادکردنو داشکاندنەکانی فەرمانگەکانی حکومەتو دامەزراوە گشتییەکانو شارەوانییەکان.

٧- هەر فەرمانبەرێك لەهەر پۆستێکدا بێت، بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بیگرێتەوە.

٨- سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە حکومەت پشکی ٥٠٪ و بەرەوژووری هەیە تیایدا.

ب - سەرۆکی پەرلەمانو پەرلەمانتارانی هەرێم.

ج - دادوەران

د ـ هەر خاوەن پلەو پۆستێك كە بەشێكی بودجەی گشتی لەدەسەڵاتیدابێت ، یان بڕیاردەر بێت لەهەر بوارێكی بەرژەوەندی گشتیدا.

**مادده ( ٣ )**

١- دەستەیەك بەناوی (دەستەی نەهێشتنی دەستكەوتی ناڕەوا)وە دادەمەزرێتو خاوەنی كەسێتی مەعنەوییە، لە ڕوی كارگێڕیو داراییەوە سەربەخۆیە.

٢- بودجەیەكی دیاریكراو لە بودجەی گشتی بۆ دەستە دیاریدەكرێت.

**مادده ( ٤ )**

سەرۆكی دەستە، بە بڕیاری سەرۆكی هەرێم دادەمەزرێت دوای پاڵاوتنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

**مادده ( ٥ )**

دەبێت ئەم مەرجانە لە سەرۆكی دەستەدا هەبێت:



١- دەبێت لێهاتو بێت بۆ ئەو پۆستەو پسپۆڕ بێت لە بواری كارەكەیدا.

٢- ناوبانگی باشبێت، تاوانبار نەكرابێت بە یەكێك لە تاوانەكانی گەندەڵی، یان تاوانێكی ئابڕووبەر.

**مادده ( ٦ )**

١- ماوەی سەرۆكایەتی دەستە، پێنج ساڵەو درێژ ناكرێتەوە

٢- تەنها بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمان سەرۆكی دەستە دەگۆڕدرێت یان لەكار دەخرێت.

٣- پەرلەمان تاكە دەسەڵاتە كە بۆی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆكی دەستەدا بكات.

**مادده ( ٧ )**

بەپێی ئەم یاسایە، سەرۆكو فەرمانبەرانی (دەستەی نەهێشتنی دەستكەوتی ناڕەوا) پارێزراون لەسەر ئەو

کردەوانەی کە دەیکەن‌و ئەو بڕیارانەی دەریدەکەن لە پێناوی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ماددە ( ٨ )

سەرۆکی دەستە، دەسەڵاتی دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەستەکەی هەیەو دەبێت هەمان مەرجەکانی سەرۆك لەفەرمانبەرانیشدا هەبێت.

### ماددە ( ٩ )

دەستە ئەم ئەرك‌و دەسەڵاتانەی هەیە:

١- وەرگرتنی سکاڵاو هەواڵدانەکانی هاووڵاتیان‌و کەسە مەعنەوییەکان لەبارەی دەستکەوتی نارەوای ئەو کەسانەی کە لەماددە(٢)دا دیاریکراون.

٢- ناردنی سکاڵاو هەواڵدانەکان بۆ لایەنی بەرپرس بۆ لێکۆڵینەوە لەئەستۆی دارایی کەسانی سکاڵا لەسەر دراو، بە پێی ئەو ڕێوشوێنە یاساییانە کە لە یاسای (خستنەڕووی



ئەستۆی دارایی)دا هاتووە. دەستەش، ئەنجامی لێکۆڵینەوەو وردبینییەکانی لایەنە بەرپرسەکان وەردەگرێتەوە

٣- لە بواری نەهێشتنی دەستکەوتی نارەوادا، دەستە بۆی هەیە داوای ڕونکردنەوەو بەڵگەی فەرمی بکات لە هەر کەس‌و لایەن‌و دامەزراوەیەکی حکومی‌و ناحکومی جگە لەو بەڵگەو دۆسییانە کە لە ژێر دەست‌ودەسەڵاتی ئەو دەستە پسپۆڕانەدایە کە لە یاساکانی(بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی)و(خستنەڕووی ئەستۆی دارایی)دا، دیاریکراون.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ماددە ( ١٠ )

دەستە بۆی هەیە داواکاری(ڕوانین لە ئەستۆی دارایی) ئاراستەی لایەنی تایبەتمەند بکات(دادگای تەمیز)کەلە (یاسای خستنەڕووی ئەستۆی دارایی)دا، دیاریکراوە، بەمەبەستی ڕوانین لە ئەستۆی دارایی (سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیرەکان، ئەندامانی پەرلەمان‌و دادوەران). لایەنی تایبەتمەند بەڕوانین بۆی هەیە داواکە پەسەند یان

ڕەتبکاتەوە. دەبێت پێشکەشکردنی داواکارییەکە هەروەها بڕیاری پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە هۆدار بن.

**ماددە ( ١١ )**

ئەگەر بۆ دەستە دەرکەوت کە دەستکەوتێکی ناڕەوا دەست یەکێك لەو کەسانە کەوتووە کە لەماددە(١٠)دا ئاستەکانیان دیاریکراوە، دەبێت ئەم خاڵانە پەیڕەو بکات :

١- سەبارت بە سەرۆکی پەرلەمانو پەرلەمانتاران، یادداشتیك لە بارەی دەستکەوتە ناڕەواکان، ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری دەکات.

٢- سەبارەت بە سەرۆکی هەرێم، یادداشتیك لە بارەی دەستکەوتە ناڕەواکە، ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری دەکاتو وێنەیەکی یاداشتەکە دەنێرێت بۆ پەرلەمان.

٣- سەبارەت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یادداشتیك لە بارەی دەستکەوتە ناڕەواکە، ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری



دەکاتو وێنەیەکی یاداشتەکە، بۆ پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم دەنێرێت.

٤ ـ سەبارت بە هەر وەزیرێك، یادداشتیك لە بارەی دەستکەوتە ناڕەواکەوە ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری دەکاتو وێنەیەکی یاداشتەکە، دەنێرێت بۆ پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددە ( ١٢ )**

دەسەڵاتی دادوەری بەڕێسایەك شێوازەکانو چۆنێتی ڕاگرتنو دادگاییکردنی ئەو کەسانە دیاریدەکات کە یادداشتەکانیان لە بارەوە دەدرێت.

**ماددە ( ١٣ )**

جگە لەوەی لە ماددە(٨)دا دیارییکراوە، ئەم کەسانە، بەتایبەتی بۆیان هەیە داواکاری لێکۆڵینەوە لەبارەی دەستکەوتی ناڕەوا ئاراستەی دەستە بکەن:

١- سەرۆكی هەرێم، داواكاری لێكۆڵینەوە لەسەر سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانو هەر وەزیرێك بەجیا ئاراستە بكات.

٢- سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، داواكاری لێكۆڵینەوە لەسەر هەر وەزیرێك بەجیا ئاراستە بكات.

٣- سەرۆكی پەرلەمان، داواكاری لێكۆڵینەوە لەسەر هەر پەرلەمانتارێك بەجیا ئاراستە بكات.

٤- سەرۆكی دەسەڵاتی دادوەری، داواكاری لێكۆڵینەوە لەسەر هەر دادوەرێك بەجیا ئاراستە بكات.

**ماددە ( ١٤ )**

١- هەر فەرمانبەرێك زانیارییەك یان بەڵگەیەكی لە بارەی دەستكەوتی ناڕەوای لەژێر دەستدا بێت، لەسەریەتی ئەو زانیاریو بەڵگانە بگەێنێتە دەستە، بەپێچەوانەوە، ئەو فەرمانبەرە بەرپرسیار دەبێت.

٢- هیچ كردەوەو لێپرسینەوەو سزایەكی كارگێڕیو یاسایی، بەرامبەر ئەو فەرمانبەرە ناكرێت بەهۆی پێدانی زانیاری لەسەر دەستكەوتی ناڕەوا لە دامەزراوەكەیدا.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

**ماددە ( ١٥ )**

هەموو كردەوەو بڕیارەكانی دەستە نهێنین، جگە لەدادگا، هیچ كەسو دامەزراوەو لایەنێك بۆی نییە بیانخاتەڕوو.

**ماددە ( ١٦ )**

دادگای تایبەتمەند بۆی هەیە ئەو كەسو لایەنانە بانگهێشتی لێكۆڵینەوە بكات كە گومان لەبارەی سوودمەندبوونیانەوە دروست بووە لەو دەستكەوتە ناڕەوایانەی لەبەردەم دادگادایە.

**ماددە ( ١٧ )**

یەك كەس یان كەسانی هاوبەش لەبەدەستهێنانی دەستكەوتی ناڕەوا، لەسزا دەبەخشرێن ئەگەر كردەوەكانیان دركاند بۆ لایەنی تایبەتمەند یان دركاندنەكانیان لە بارەی دەستكەوتو كردەوەكان پێش ناردنی پەڕاوی پشكنینو وردبونەوەكان بوو بۆ دادگا، بە مەبەستی لیكۆڵینەوە، بەڵام

بەخشینەکە گێڕانەوەی بڕی سوودو دەستکەوتەکان ناگرێتەوە.

**ماددە ( ١٨ )**

أـ هەرکەسێك دەستکەوتێکی ناڕەوای بەدەستهێنابێت بۆ خۆی، یان بۆ کەسێکی تر بەهۆی خۆیەوە، سزا دەدرێت بەزیندانی کردن بۆماوە (١٠) ساڵو بە(غرامە)یەکی هاوبڕی دەستکەوتەکەو گێڕانەوەی هەمان بڕە پارە یان بەهای دەستکەوتەکە.

ب ـ دادگا، بڕیار بەسەر کەس یان کەسانی سوودمەندىدا دەدات بە گێڕانەوەی هاوبڕی ئەو سوودە، بە پارە بۆ خەزێنەی هەرێم.

جـ ـ بڕیاری گێڕانەوەی بڕو سوودو بەهای دەستکەوتە ناڕەواکان، بەکاردەبێت تاپاش (٣) ساڵیش لەمردنی کەسی بڕیار لەسەردراو..

**ماددە (١٩)**



هەر کەسێك تاوانبارکرا بە تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا، نابێت هیچ پلەو پۆستێکی کارگێڕیو فەرمانبەرێتی گشتیی وەربگرێتەوە

**ماددە ( ٢٠ )**

تا پێنج ساڵ لە بەجێهێشتنی پۆستەکەی، داوای دەستکەوتی ناڕەوا لەسەر کەسی مەبەست تۆمار دەکرێت، دوای ئەو ماوەیە لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە ناکرێت.

**ماددە (٢١)**

ئەنجوومەنی بالآی دادوەریی ڕێساکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆژە یاسای
# نەهێشتنی تاوانە داراییەکان

## (مشروع قانون مكافحة جرائم الاموال)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئـەم پرۆژەیـە، لـە (٢٠) مـاددە پێکهـاتووە. لـەماددە (١) پێناسەی ئەو وشـەو دەسـتەواژانە دەکات کـە بـەکارهێنراون و

ماددەکانی (٢) و (٣) تاوانە داراییەکان پێناسەدەکاتو وەك کردەوەو بەرهەمەکانی ئەو کردەوانە.

مادده (٤) ئاماژە بەگرنگی ڕۆڵی بانکی ناوەندیی هەرێم دەدات. دواتر بەمادده (٥) بنەماکانی چاودێریکردنو وردبونەوە لە کردەوە داراییەکان دیاریدەکات.

ماددەکانی (٧) و (٨) و (٩) دەستەی بەرپرس لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە دیاریدەکات، هەروەها دەسەڵاتەکانیو ئاستی سەرۆكو ئەندامەکانی دەخاتە ڕوو.

مادده (١٠) ئاماژە بەڕۆڵی لیژنەی پسپۆڕ دەکات لەوردبونەوەو پشکنین لەکردەوە داراییە گومانلێکراوەکاندا.

ماددەکانی (١٢) و (١٣) ئاماژە بەبوونی دوو یەکەی پسپۆڕی سەرەکی دەدات کە (یەکەی کۆکردنەوەی زانیاری) و (یەکەی لێکۆڵینەوە) یە کەسەر بە (دەستە) ن. ماددەکانی (١٤) و (١٥) چەند حوکمێکی گشتی لەخۆدەگرێت.

ئەم پڕۆژە یاسایە، لەبواری تاوانە داراییەکاندا، ناوی (غسل الاموال) یان (تبیض الاموال)ی لێدەنرێت، پرۆژەکە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



تەواوکەری ئەو پڕۆژانەی ترە لەبەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی هەرێم.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پرۆژە یاسای نەهێشتنی تاوانە داراییەکان

**(مشروع قانون مكافحة جرائم الاموال)**

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**مادده‌ی (١)**

ئه‌م ووشه‌و ده‌سته‌واژانه‌، به‌و واتایانه‌ دێن كه‌له‌ به‌رامبه‌ریاندا دیاری كراون:

## تاوانه‌ داراییه‌كان:

هه‌موو ئه‌و كرده‌وه‌و هه‌ڵسوكه‌وتانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ به‌مه‌به‌ستی شاردنه‌وه‌ی شێوه‌و جۆری ئه‌و دراوو سامان‌و داراییانه‌یه‌ كه‌ له‌ئه‌نجامی كاری ناڕه‌وا وه‌ده‌ستهێنراون، یان به‌ مه‌به‌ستی گۆڕینیان بۆ شێوازێكی شیاوو ڕه‌وا.

## دراوو سامان‌و دارایی:

هه‌موو سامان‌و داراییه‌كی گواستراوه‌و نه‌گواستراوه‌، به‌ڵگه‌و دۆكیومێنتێكی یاسایی له‌هه‌ر شێوه‌یه‌كدا بێت كه‌ ئاماژه‌ به‌خاوه‌ندارێه‌تی هه‌ر سامانێك یان به‌شێكی ئه‌و سامانه‌ بكات، هه‌روه‌ها به‌رهه‌مه‌ی ئه‌و سامانانه‌ له‌هه‌ر شێوه‌یه‌كدا بێت‌و به‌هه‌ر جۆرێك بێت وه‌ك دراوو ئاسانكاری بانكی‌و چه‌كی پاره‌و پسوڵه‌كانی پاره‌ هه‌ناردن‌و پشكه‌ داراییه‌كان‌و هه‌ر به‌هایه‌ك له‌هه‌ر شێوه‌یه‌كی مامڵه‌كردندا بێت.



مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

## دارایی‌و سامانه‌ ناڕه‌واكان:

ئه‌و داراییانه‌یه‌ كه‌ له‌ئه‌نجامی ئه‌م تاوانان‌و كرده‌وانه‌وه‌ به‌ده‌ستهێنراوه‌:

- تاوانه‌كانی گه‌نده‌ڵی.
- تاوانه‌كانی دروستكردن‌و ده‌ربازكردن‌و گواستنه‌وه‌و بازرگانی كردن. به‌ مادده‌ بێهۆشكه‌ره‌كان.
- تاوانه‌كانی تیرۆر.
- تاوانه‌كانی بازرگانیكردن به‌چه‌ك‌و ته‌قه‌مه‌نیه‌ جه‌نگییه‌كان.
- تاوانه‌كانی گواستنه‌وه‌ی نایاسایی په‌نابه‌ران.
- بازرگانی به‌مرۆڤ‌و منداڵان‌و ئه‌ندامانی جه‌سته‌ی مرۆڤ .
- دزین‌و ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی سامانی گشتی‌و تایبه‌تی به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك بێت.
- ده‌سته‌ی نه‌هێشتنی كرده‌وه‌ داراییه‌ ناڕه‌واكان:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرپرسی سەرەکیە لەسەرجەم بابەتو کردەوە پەیوەستدارەکان بە (تاوانە داراییەکان)ەوە لەئاستی داواکاری گشتی دا، بەرامبەر بەدادگا پسپۆڕەکان.

**مادده (٢)**

ئەم کردەوانە بەتاوانی دارایی دەژمێردرێن:

١- شاردنەوەی سەرچاوەی سامانو داراییە نارەواکان، یان خستنە ڕووی پاساوی ناپەسەند بۆ ئەوسامانو داراییانە.

٢- گۆڕین یان گواستنەوەی ئەو سامانو داراییانە، لەلایەن هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەویەوە بەمەبەستی شێواندن، یان شاردنەوەی سەرچاوەکەی، یان یارمەتیدانی کەسێکی تاوانبار بەوەدەستهێنانی بۆ دەربازکردنی لەبەرپرسیارێتی.

**مادده (٣)**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

١- مەرجە لەسەر هەر دامەزراوەو کۆمپانیاو دەستەیەکی تایبەت بەکاری ئاڵوگۆڕی دراوو بازرگانیو ناردنو وەرگرتنی دراو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمو هەرگروپو دەستەیەکی ڕێپێدراوی یاسایی، بەهەر جۆرە کارێکی دراوی ناوخۆو بێگانە، کە تیانووسی تایبەت بەهەموو جوڵە داراییەکان ئامادەبکەن.

٢- ئەگەر بڕی دراوی بەکارهێنراو لە (.....) دینار زۆرتر بوو، دەبێت لەتیانوسێکی تایبەتدا تۆماربکرێت.

٣ــ دەبێت دامەزراوە تایبەتەکان بەکاری دراو سامانە داراییەکانەوە دڵنیابن لەناسنامەی کەسی مامڵەکەر (ألمتعامل) لەڕوی زانیاری تایبەت بەوکەسەو جێگرکردنی ئەو زانیاریانە بەدرێژایی ماوەی مامڵەکانی لەگەڵ ئەو دامەزراوانەدا.

٤- دەبێت ئەو دامەزراوانە، هەموو زانیارییە تایبەتەکان لەسەر ئەو کەسانەی مامڵە دەکەن بپارێزن بەشێوەی دۆکیۆمێنتو سەرجەم مامڵەکان بۆماوەیەك کەمترنەبێت

لەپێنج ساڵ لەکاتی کۆتایی هاتن بە مامڵەکان یان دوا وادەی مامەڵەکان.

٥. دەبێت ئەو مەرجەی کە لەخاڵی ژمارە (٤)دایە، لەلایەن پارێزەران‌و ئامادەکارانی بەڵگەنامە یاساییەکان‌و ژمێریارە سەربەخۆکانەوە لەکاتی ئامادەکردنی هەر مامەڵەیەکی دارایی بۆ بەرژەوەندی بریگرتەو مامەڵەکارەکانیان ڕەچاوبکرێت.

**ماددە (٤)**

ئەو مامەڵانەی لەماددە (٢) دا ئاماژەی پێدراوە، ئەمانەن:

١. کڕین‌و فرۆشتنی خانووبەرە.

٢. بەڕێوەبردنی سامان‌و بەڵگە داراییەکانی هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی.

٣ـ بەڕێوەبردنی داراییە بانکییەکان‌و داراییە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان.

٤ـ ڕێکخستنی پشك‌و بەشدارییە تایبەتەکان لەکۆمپانیاکاندا، هەروەها بەگەڕخستن‌و کارگێڕی کردنی.



٥. دامەزراندن یان بەگەڕخستن‌و کارگێڕی کردنی کەسانی مەعنەوی‌و هەڵسوڕاندنی کارە یاساییەکانی‌و کڕین‌و فرۆشتنی دامەزراوە بازرگانییەکان.

**ماددە (٥)**

بانکی ناوەندیی هەرێم، بەرپرسە لەچاودێریکردنی مامەڵە داراییەکانی سەرجەم ئەو دامەزراوە داراییانەی کە مامەڵەی هاوبەشیان هەیە لەگەڵیدا، ئەگەر هات‌و ئەو مامەڵانە گومانی ناڕەوایی لێکرا.

**ماددە (٦)**

بنەما سەرەکییەکانی ئەو چاودێرییە، بەپێی ڕێسایەکی تایبەت دیاری دەکرێت، کە لەلایەن دەستەی (نەهێشتنی کردەوە داراییە ناڕەواکانەوە) دەردەکرێت، بەمەرجێك ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرێت:

١. وردبوونەوە لەناسنامەی کەسی مامەڵەکار لەگەڵ بانك‌و دامەزراوە داراییەکاندا بۆ زانینی کەسی خاوەن ماف ئەگەر

هـاتو مامەڵـەکان لـەڕێگای بریگرتـەوە کـرا یـان لـەڕێگا تەکنیکییە پێشکەوتوەکانەوە ئەنجام درا.

٢ــ وردبوونـەوە لەهـەر (حـسابێکی) بـانکی بـۆ زانینـی خاوەنداریێتی ڕاستی ئەو کەسەی بەناویەوە دانراوە بە گرتنـە بـەری ڕێوشـوێنە یاسـاییە کارپێکراوەکـانو بـە هەماهـەنگی دامەزراوە پەیوەستدارەکان .

٣ـ دیـاریکردنی ئاسـتی بـاڵای ئـەو بـڕە پارەیـەی کەدەبێتـە جێگای لێوردبونەوە.

٤ـ پێویـستی دیـاریکردنو زانینـی سەرچـاوەی ڕاسـتی پـارە حەواڵەکراوەکانو ئەو شوێنەی بۆی دەنێردرێت.

٥ـ دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی کـەدەبن بـەهێمای کـردەوەی دارایـی نـاڕەوا، لەلایـەن کـەسو دامەزراوەکانـەوە، هـەروەها دیـاریکردنی پرەنـسیپەکانی وریـاییو تێبینیکردنـی کـردەوە داراییەکان.

٦ـ پابەنـدکردنی بانـكو دامـەزراوە داراییـەکان، بەپێـدانی زانیـاری ڕاسـتو تـەواو لـەکاتی داواکردنـی لەلایـەن دەسـەڵاتە بەرپرسەکانو دەسەڵاتی دادوەریەوە.



٧ـ پابەنـدکردنی بانـكو دامـەزراوە داراییـەکان بـەڕاهێنانی فەرمانبەرو کارمەندانی لەسەر خستنەڕووی کـردەوە داراییـە ناڕەواکـــانو دۆزینـــەوەو تێبینیکردنـــی ســـەرەتاکانی ئەوکردەوانە.

٨ـ پابەندکردنی بانكو دامـەزراوە داراییـەکان بـەپێکهێنانی لیژنـەیەکی تایبەت بەچاودێریکردنی کردەوە داراییەکان.

٩ــ دیـاری کردنـی شـێوازی چـاودێریکردنی ئـەو کـردەوە داراییانـــەی کـــە پەیوەنـــدییان بەوکەســـانەوە هەیـــە کـــە لــەدەرەوەی ســنوری هــەرێمن یــان بــەڕێگا تەکنیکییــەکان کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

**مادده (٧)**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەستەی (نەهێشتنی كردەوە داراییە ناڕەواكان) بۆی هەیە بانك و دامەزراوەی دارایی تر دیاریبكات كەئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

## مادده (٨)

دەستەیەك بەناوی (دەستەی نەهێشتنی كردەوە داراییە ناڕەواكان) دادەمەزرێت، خاوەنی كەسێتی مەعنەوی دەبێت.

## مادده (٩)

دەستە، ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١ـ وەرگرتنی سكاڵا هەواڵدانەكان لەبارەی هەر كردەوەیەكی دارایی ناڕەواو لێكدانەوەو شیكردنەوەیان.

٢ـ لێكۆڵینەوە لەهەر كردەوەیەكی دارایی ناڕەوا، هەروەها لەهەر پابەند نەبونێك بەم یاسایەوە.

٣ـ پێدانی زانیاری لەكاتی داواكردنی لەلایەن هەر دەسەڵاتێكی پسپۆڕ یان دەسەڵاتی دادوەری.



٤ـ دانانی ڕێوشوێنە تایبەتەكان، بەجێبەجێكردنی ئەم یاسایەو سەرپەرشتی كردنی ئەو جێبەجێكردنە، هەروەها دانانی پەڕاوو فۆڕمە تایبەتەكان، بەجێبەجێكردنی ئەم یاسایە.

٥ـ دانانی ڕێوشوێنە تایبەتەكانی پەیوەندیكردنی دەستە، لەگەڵ دەستە هاوشێوەكانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەها چونێتی ئاڵوگۆڕی زانیاری بەپێی یاسا كارپێكراوەكان.

## مادده (١٠)

١ـ دەستە، سەرۆكێك و شەش ئەندامی دەبێت، كە.بەبڕیاری سەرۆكی هەرێم دادەمەزرێن و دەستبەكار دەبن، پاش ڕەزامەندی پەرلەمان.

٢ـ سەرۆكی دەستە، نوێنەرایەتی دەستەكە دەكات بەرامبەر بەدەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان و حكومەت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

٣ـ دەستە، پەیڕەوێکی تایبەتی دەبێت بۆ بەڕێکردنی کارەکانو پاراستنی نهێنی ئەو کارو ئەرکانەی کە بەجێی دەهێنێت.

٤ـ دەستە، بەبانگهێشتی سەرۆکەکەی، مانگی جارێك کۆدەبێتەوەو نابێت کۆبونەوەکە لەپێنج ئەندام کەمتربێت، بەئامادەبوونی سەرۆکەوە.

٥ـ دەستەکە، ئەم سوێندە لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەریدا دەخوات " ................"

٦ـ دوابڕیاری ئاشکراکردنی (رصید) ی هەرکەسێك، تەنها بۆ دەستەیە لەکاتی داواکردنی ئەو ئاشکراکردنە لەلایەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە یان دەسەڵاتی دادوەرییەوە.

## مادده (١١)

١ـ مەرجە لەسەر لیژنە تایبەتەکان، بەکاری وردبوونەوەو چاودێریکردنی کردەوە داراییەکان لەهەر بانكو دامەزراوەیەکی داراییدا، دەستە ئاگاداربکەنەوە لەماوەی یەك رۆژی کارکردندا، لەکاتی تێبینیکردنی هەر کردەوەیەکی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ناڕەوا، یان دروست بوونی گومانێك لەبارەی هەر کردەوەو جوڵەو ئاڵوگۆڕییەکی داراییەوە، لەڕێگای ڕاپۆرتو نوسراوی بەپەلەوە.

٢ـ دەبێت دەستەو سەرۆکەکەی، دەستبەجێ لەگەڵ وەرگرتنی ئەو نوسراو ڕاپۆرتانەوە، لێی بکۆڵنەوە.

٣ـ دەبێت لێکۆڵینەوە لەو ڕاپۆرتو نوسراوانە لەیەك رۆژی کارکردندا کۆتایی بێتو لەماوەی شەش ڕۆژی کارکردندا، دوا بڕیار لەبارەیەوە درابێت، لەماوەی ئەو شەش رۆژەدا دەستە بۆی هەیە (رصید) و داراییەکان بە شێوەیەکی کاتی ڕابگرێت تادەگاتە دوابڕیار. ئەو ڕاگرتنە کاتییە دەبێت بەبڕیاری سەرۆکی دەستەبێت.

٤ـ دەبێت لەوماوەیەدا دەستە کۆببێتەوەو لەدوا بڕیاری دەستە بکۆڵێتەوە، لەوکۆبونەوەیەدا، دەستە بۆی هەیە ڕاگرتنەکە بۆماوەی پانزدە ڕۆژ درێژبکاتەوە بەمەبەستی ئامادەکردنی پەڕاوی تایبەت بەو کردەوە داراییە ناڕەوایە.

٥ـ دەستە بۆی هەیە داوا لەخاوەنی (حساب)ە بانکییە گومانلێکراوەکە بکات کە بەڵگەو دۆکیومێنتی سەلمێنەر

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێشکەش بکات، بەمەبەستی سەلماندنی ڕەوایی هەر کردەوەیەکی دارایی کە گومان لە بارەیەوە دروست بووە.

٥-ئەگەر دەستە گەیشتە ئەوەی کە گومانەکە لەبارەی کردەوە داراییەکەوە لاچووە، دەبێت بڕیاری ڕاگرتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بڕیارەکە بەهەڵوەشاوە دادەنرێت دوای پانزدە ڕۆژەکە، ئەگەر بڕیار لەناردنی پەڕاوی کردەوەکە نەدرابوو بۆ دەسەڵاتە بەرپرسەکان، بەتۆمەتبارکردنی بەتاوانی (کردەوە داراییە ناڕەواکان)

**مادده (١٢)**

دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ، دەستە ئاگادار بکەنەوە لەناوی خاوەن بەهای بارە بازرگانییەکان کە دەهێنرێت یان هەنارده دەکرێن بۆ ناوەوە دەرەوەی هەرێم ئەگەر بەهاکان بڕی ( ......) دیناریان تێپەڕاند.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مادده (١٣)**

یەکەیەك بەناوی (یەکەی کۆکردنەوەی زانیاری دارایی) پێکدێت بەبڕیاری دەستە. ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی دەستەو سێ ئەندامیەوە سەرپەرشتی دەکرێتو ئەم ئەرکانەی دەبێت:

١. بەرپرسە لەکۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بەوکردەوانەی کەدەبن بەهۆی دروست بوونی تاوانی کردەوەی دارایی ناڕەوا.

٢. وەرگرتنو ئالوگۆڕی زانیاری لەگەڵ یەکە هاوشێوەکان لەدەرەوەی هەرێم.

٣ـ هەر ئەرکێکی تر کە لەلایەن دەستەوە بەگرنگ بزانرێت.

**مادده (١٤)**

یەکەیەکی لێکۆڵینەوە بەبڕیاری دەستە پێکدێتو سەرپەرشتی دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕاپۆرتو نوسراوو

زانیاریانەی کە دەگاتە دەستە. ژمارەو پسپۆڕی ئەندامانیو ئەرکەکانی ئەم یەکەیە، لەپەیڕەوی دەستەدا دیاریدەکرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

### مادده (١٥)

١ــ سەرۆکی دەستەو ئەندامانی، هەروەها ئەندامانی یەکەکانی زانیاریو لێکۆڵینەوە، پارێزراون لەڕوی یاساییەوە لەهەر کردەوەو داوایەك کە لەبارەیانەوە تۆماربکرێت سەبارەت بەوکارانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەنجامی دەدەن.

٢ــ ئەو پاراستنە یاساییە کە لەخاڵی پێشوودا هاتووە، ئەندامانی هەردوو یەکەی زانیاریو لێکۆڵینەوە ناگرێتەوە، ئەگەر شێوازی نایاساییان گرتەبەر لەکارەکانیاندا.

### مادده (١٦)

هەرکەسێك یان لایەنو دامەزراوەیەك، یارمەتی یان ئاسانکاری، یان هاندەربێت، یان چاوپۆشی لەکردەوە داراییە



ناڕەواکان بکات، هەمان سزای کەسی سەرەکی تاوانبار بەو کردەوەیە دەیگرێتەوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

### مادده (١٧)

تاوانی کردەوە داراییەکان بەپلەی تاوانکاری (جنائی) ناودەبرێت.

### مادده (١٨)

١. دادگا بڕیاری (مصادرە) کردنی ئەو سامانو داراییانە دەدات کە بەتاوانی دارایی دادەنرێت، هەروەها بڕیاری ڕاگرتنی ئەو سامانو داراییانە لەماوەی دادگایی کردندا، تەنها بۆ دادگایە.

٢. دادگا بۆی هەیە هەر سامانو داراییەکی تر ڕابگرێتو لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە ئەنجام بدات، ئەگەر گومانی ئەوەی لێکرا کە بەرهەمی تاوانی کردەوەی دارایی ناڕەوایە.

مه کتەبی بیروهۆشیاری

٣ـ دەسەڵاتی دادگا، بەسەر هەموو سامانو داراییەکەوەیە کە بەشێواز گۆڕدرابێت بۆ شاردنەوەی شێوازە ڕاستەکەی کە لەئەنجامی کردەوەی دارایی نارەواوە وەدەستهێنرابێت.

٤ـ پێشینەی بڕیاردان لەڕاگرتنی هەر بەرهەمێکی سامانو داراییە نارەواکان بۆ دەستەیە، لەهەمان کاتی دەستبەکاربوونی دادگاو بەردەوامبوونی لەدادگایکردنی سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەو بەرهەمانەدا، دەستە دەتوانێت شان بەشانی دادگا پەڕاوی تۆمەتبارکردنی ئەوسامانو داراییانە ئامادەبکات بۆ ڕەوانەکردنی بۆ دادگا.

### مادده (١٩)

دەسەڵاتی دادوەری جۆری ئەو سزایانە دیاریدەکات کە بەسەر تاوانبارانی کردەوە داراییە نارەواکاندا دەسەپێت بۆ پاشکۆکردنی بەو سزایانەی لەیاسای سزادانی عیراقیدا هاتوون بە شێوازە یاساییە پەیڕەوکراوەکان.



مه کتەبی بیروهۆشیاری

### مادده (٢٠)

سەربەخۆیی دەستە پارێزراوە. دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمدا، تاکە دەسەڵاتە کە بۆی هەیە لە کارەکانی دەستە بکۆڵێتەوە بە بێ ئەوەی بۆی هەبێت بڕیارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

## ساڵی ٢٠٠٧.٢٠٠٨

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| .٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١١ | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێكۆڵینەوەیەكی تر | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١٢ | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | ئا: عەدنان كاكە ڕەش<br>سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢١٣ | دەستورو ژن | ن: ڕەشید خەیون<br>بدور زەكی محمد<br>و: كامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| .٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ (چاپی سێیەم) | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| .٢١٥ | مبدأ الفصل بین السلطات و وحدتها . .. | القاضي/ لطیف مصطفی أمین | ٢٠٠٧ |
| .٢١٦ | بنچینەكانی كورد | ن: ڤلادیمێر مینورسكی<br>و: نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢١٧ | لەدیكتاتۆرییەوە بۆ دیموكراسی | ن: د. جین شارب<br>و: كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢١٨ | كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ئیبراهیم ساڵح | ٢٠٠٧ |
| .٢١٩ | زمانە فەرمییەكان | طارق جامباز | |
| .٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحموود | ٢٠٠٧ |
| .٢٢١ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٢ | الكرد | تألیف: باسیلي نیكیتین<br>ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٣ | هەڵۆی سور (چاپی دووەم) | فاضل كریم احمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٤ | مام جەلال | فاضل كریم أحمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٥ | المدخل الی القانون الدولي الإنساني | جبار سعید محي الدین | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٦ | الكُرد الیوم | تألیف: حسین آكوبجین آغلو و آخرون<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٧ | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | ن: هارۆڵد ویلسن<br>و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٨ | ڕێبازی لێكۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٩ | ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان | و: كارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٠ | تیرۆر | هیمداد مجید علي | ٢٠٠٧ |
| .٢٣١ | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٢ | بەعسیزم و كورد | سۆزان كەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٣٣ | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | ن: محمد فتحي<br>و: محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٤ | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٥ | میر عەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٦ | فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم | ن: هاشم سالْح<br>و: شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٧ | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٨ | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٩ | الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان | ليلاف حمد امين عزيز | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٠ | مێژووی شۆڕشی روسیا | ن: لیۆن ترۆتسکی<br>و: عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤١ | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ن: ویلهلم رایش<br>و: هەژار جوانڕۆیی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٢ | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٣ | زارا ـ عەشقی شوان | ن: محەمەدی قازی<br>و: عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٤ | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٥ | تاريخ تركيا المعاصر | ت: د. هاشم صالح التكريتي | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٦ | لەگۆڕەپاندا | و: سارۆز ئەفروز | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٧ | نۆڤین ژمارە ـ ١٢ ـ | | ٢٠٠٧ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٤٨ | المنطقة المتنازع عليها | د. خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٩ | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| .٢٥٠ | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٥١ | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٢ | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمەرشید گورون | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٣ | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٤ | لەکیبە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٥ | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٦ | جەنگی دەروونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٧ | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٨ | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنال (ی.ن.ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٩ | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٠ | پرۆژەی قانونی بەگژداچونەوەی گەندەڵی | کاوسین بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .٢٦١ | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٢ | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦٣. | ئاشـــــنابوون بەسۆســــــیال دیموکراتی | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٤. | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٥. | لێپرسراوێتی و خۆشـگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٦. | پـێ بـەپێی مێـژوو بـەرەو بەهەشت | کاوسین بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٧. | کردســتان والحقــوق القوميــة للتركمان | د. مكرم الطالباني | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٨. | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆرف<br>و: لەئەڵمانیەوە:<br>ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٩. | مــسألة إبــادة الأرمــن امــام المحكمة | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٠. | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| ٢٧١. | ناوچەکانی ململانـێ لـەنێوان کورد و حکومەتەکانی عیراقدا | هــەورامان کــەمال مــیرزا عەبدوڵڵا<br>تاریق رەئوف محەمەد | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٢. | نــوروز عيــد الأمجـاد ومفخـرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٣. | الكرد في كتاب تجـارب الأمـم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٤. | نیچە و مەسیحیەت | و: مەسعود بابایی | ٢٠٠٨ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧٥. | مێژووی قەدەغەکردنی کتێـب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٦. | علمــيني يــا كركــوك كيــف أبكيك | محمد شوان | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٧. | چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا | د. موکەرەم تاڵەبانی | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٨. | مــسألة إبــادة الأرمــن امــام المحكمة ـ الطبعة الثانية | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری